ئەگەر هەیە گرووپی حزبوڵای عێراقی لە هێرشەکەی سەر بنکەی K1 لە کەرکووک تێوەگلابێت

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

ژیان

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5901) دووشەممە 30ی کانوونی یەکەم 2019 «12» لاپەڕە «500» دینار

ئێوارەی ڕۆژی هەینی بە 30موشەک هێرش کرایە سەر سەربازگەی k1ی ئەمەریکی لە سنووری پارێزگای کەرکووک، جیا لەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە بنکەی عەین ئەسەد لە ڕۆژئاوای عێراق و بنکەکانی تریشی ڕێوشوێنی توندی خۆپارێزی و ئامادەسازییان بۆ هەر ئەگەرێک وەرگرتووە، دۆخەکە بەو ئاراستەیە کە دوای دیاریکردنی کاندیدی سەرۆک وەزیرانی عێراق، هەڵمەتێکی سەربازی ئەمەریکی لەدژی گرووپەکانی ناو حەشدی شەعبی دەست پێ بکات. هاوکات بە گوێرەی تەلەڤزیۆنی فاکس نیوز، دوو کاربەدەستی فەرمی ئەمەریکا، تاقمەکانی جێگای پشتیوانی ئێرانی بە بەرپرسیاری ئەو هێرشە ناساندووە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

زیانی 100 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە نەوت لە داهاتی عێراق دەکەوێت

بەهۆی خۆپیشاندانەکانی شارەکانی باشووری عێراقەوە پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت و جۆرەکانی تری بەرهەمی گاز و نەوت لەبەسرە و چەندین پارێزگا و شاری عێراق ناوبەناو پەکی کەوتووە و دواترینیشیان وەستانی هەناردەی 100هەزار بەرمیلی ڕۆژانەیە لەپارێزگای زیقار. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



ئامادەکارییەکانی سەری ساڵی نوێی زایینی لە شاری هەولێر

بەبۆنەی هاتنی سەری ساڵی نوێی زایینی، شەقامەکانی شاری هەولێر ڕازێندراونەتەوە، بە تایبەتی قەڵای مێژوویی هەولێر و دەوروبەری بووەتە جێگەی سەرنجی هاوواڵاتیان، و بۆ گرتنی وێنە و بەسەربردنی دوایین ڕۆژەکانی ساڵی 2019و پێشوازیی لە ساڵی 2020روو لەو شوێنانە دەکەن.



سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی لە ئەمیندارای گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەکات

دوێنێ یەکشەممە 29ی 12ی 2019 سەرۆک مەسعود بارزانی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی لە مامۆستا سەلاحەددین بەهائەدین کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەک ئەمینداری گشتی و هەڵبژاردنی سەرکردایەتیی تازەی یەکگرتوو و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرک و کارەکانیدا و، هەروەها پیرۆزبایی سەرکەوتنی هەشتەمین کۆنگرەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی لە ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی کرد.

هەر لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا سەرۆک بارزانی هیوای پتەوتربوونی برایەتی و یەکڕیزیی نێوان لایەنەکانی خواست لەپێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان.

فەرماندەیەکی پێشمەرگە: با هاووڵاتیان لە ئارامیی سنووری کوڵەجۆ دڵنیا بن



فەرماندەیەکی پێشمەرگە: هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سنووری کوڵە جۆ، ئاشکرای کرد جگەلە هێنانی هێزی تۆکمە، بە کامێرای چاودێریش چاودێریش پیلانی تیرۆریستان لە سنوورەکە پووچەڵ دەکەینەوە و دڵنیایی بە هاووڵاتیان دەدەین بەبێ ترس بە ئاهەنگ و خۆشی پێشوازی لە ساڵی نوێ بکەن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی بۆ «خەبات»:

پەلە لە پەسەندکردنی پرۆژەیاسای چاکسازی دەکەین

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان دەنگۆیەک لەبارەی پرۆژەیاسای چاکسازی ڕەت دەکاتەوە. چەند مالپەڕێک دەنگۆی ئەوەیان بڵاو کردووەتەوە، کە 75پەرلەمانتاری کوردستان بەهۆی ئەوەی لە پرۆژەیاسای چاکسازی خانەنشینیی پەرلەمانتاران نایانگرتەوە، هەوڵی گۆڕینی بڕگەکانی دەدەن. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

دوو دادوەری کورد بە ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن هەڵبژێردران

دوو دادوەری کورد وەک نوێنەری هەرێمی کوردستان لە ئەنجوومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، هەڵبژێردران. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

شاندێکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات

سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا باس لە چوونی شاندێکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، دەکات. فارس عیسا، سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، بە خەباتی ڕاگەیاند، دوای ناردنی پرۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی 2020بۆ پەرلەمان، شاندێکی هەولێر سەردانی بەغدا دەکات.

فارس عیسا لەبارەی بەشەبودجەی هەرێمی کودستان، ڕایگەیاند، تا پرۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی داهاتوو پەسەند دەکرێت، بەپێی ئەو بڕەی بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی 2019بۆ هەرێمی کوردستانی دیاری کردبوو، پارەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەنێردرێت.

عێراق.. خۆپیشاندەران ئاگرییان لە بارەگایەکی حەشدی شەعبی بەردا

خۆپیشاندەرانی عێراقی ئاگریان لە بارەگای گرووپێکی چەکداریی نزیک لە ئێران لە شاری دیوانییە، بەردا. ئەفسەر لە پۆلیسی دیوانییە، نەقیب فەلاح ڕەسول ڕایگەیاند، دەیان خۆپیشاندەر ئاگریان لە بارەگای گرووپی عەسائیب ئەهلی حەق لە ناوەڕاستی شاری دیوانییە، بەردا.

بە گوتەی ئەفسەرەکە، دوای سووتانی بەشێکی زۆری بارەگاکە، تیمەکانی بەرگری شارستانی ئاگرەکەیان کۆنترۆڵ کرد. لەوەتەی دەستپێکی خۆپیشاندانەکان لە عێراق لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە تا ئێستا ئەمە سێیەمین جارە ئاگر لە بارەگای عەسائیب ئەهلی حەق لە دیوانییە بەردرێت. عەسائیب ئەهلی حەق لە لایەن قەیس خەزعەلی سەرۆکایەتی دەکرێت، بە گرووپێکی چەکداریی نزیک لە ئێران هەژمار دەکرێت.

فایەق شێخ عەلی: ببمە سەرۆک وەزیران عامری وەک بکوژی عێراق و گەلەکەی دادگایی دەکەم

فایەق شێخ عەلی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە خۆی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران کاندید کردووە، ڕایدەگەیەنێت، ئێستا لە عێراق بڕیار لە دەست هادی عامرییە و ئەو ڕێگرە لەوەی ببمە سەرۆک وەزیران. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



پەرلەمانتارێکی ڕەوتی حیکمە: هەفتەی داهاتوو تەواوی ناکۆکییەکان لەسەر سەرۆک وەزیرانی داهاتوو یەکلایی دەکرێنەوە

گوشارەکان بۆ ڕاسپاردنەوەی سەرۆک وەزیرانی دەستلەکارکێشاوەی عێراق زیاتر دەبێت و بەشێک لە لایەنەکانیش بۆ دەرچوونی عێراق لەو قەیرانەی تێیکەوتووە بەنیازن داوا لە سەرۆک کۆمار بکەن جارێکی دیکە عادل عەبدولمەهدی بۆ پێکهێنانی حکوومەت ڕابسپێرێتەوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



پەروین بوڵدان: لە ماوەیەکی نزیکدا ئاکپارتی هەڵدەوەشێتەوە

هاوسەرۆکی هەدەپە لە سێیەم کۆنگرەی ئاسایی لقی ڕێکخستنەکانی پارتەکەیدا لە ئەنتالیا ئاماژەی بەوە کرد، ئاکپارتی سێ لەت بووە و دووڕخستنەوەیشی بەخێرایی لە دەسەڵات، بەدەستی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**





سەرۆک نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی لە مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین دەکات

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین بەبۆنەی هەڵبژاردنەوەی بە ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانەوە، پیرۆزبایی لە بەڕێزیان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خۆیان و داهاتووی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان خواست.

لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا ئێوارەی رۆژی شەممە 28/12/2019 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەروەها پیرۆزباییی بەستنی کۆنگرەی هەشتەمی لە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و تەواوی سەرکردە و ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خۆیان و داهاتووی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان خواست.

بۆ کارەکانی کۆنگرەکەیان خواست.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی بە کار و خەبات و ڕۆڵی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە ژیان و پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا کرد و پێزانینی خۆی بۆ خزمەت و هەوڵەکانی یەکگرتووی ئیسلامی لەپێناو تەبایی و کاری پێکەوەییی لایەنە کوردستانییەکان دەربڕی.

لای خۆیەوە بەڕێز مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین، سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ پەیوەندی و پیرۆزباییی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دەربڕی و ستایشی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی بۆ بەسەرکردنەوەی بەڕێزیان و پشتگیری و هاوکارییەکانی دووپات کردەوە.



پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی هەشتەمی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەلاحەدین بەهائەدین کرد بە بۆنەی هەڵبژاردنەوەی بە ئەمینداری گشتی یەکگرتوو کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەڕێز مامۆستا سەلاحەددین بەهائەدین

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی هەشتەمی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و هەڵبژاردنەوەی بەڕێزتان بە ئەمینداری گشتی، پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و سەرکردایەتی نوێ و تەواوی ئەندامانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەکەم.

ئومێدەوارین سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیە، ببێتە هۆی کارکردنی زیاتری یەکگرتووی ئیسلامی و هەموولایەنە کوردستانییەکان لە پێناو پەرەپێدانی تەبایی و هاوهەڵوێستی لە سەر پرسە نیشتمانییەکان و خزمەتکردنی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

2019/12/29

ڕووداوەکانی عێراق خێرا و پێشبینینەکراون

نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا: چاوەڕوانی ڕێککەوتنین

بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندییەکان لە نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە بەغدا، زانیاری لەسەر ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا دەخاتە ڕوو و باس لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی عێراقیش دەکات.

بەختیار حاجی حەمەد، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ئەگەر پرۆژەبودجەی 2020ی عێراق بووە یاسا و تێپەڕێندرا، کارێکی زۆر باش کراوە، ئەگەرنا بەپێی یاسای داراییی ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا، ساڵی داهاتووش وەک ساڵی 2019 بودجەی کوردستان بە شێوەی ئێستا بەردەوام دەبێت. بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندییەکان لە نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم ڕاشیگەیاندووە: لە عێراق ڕووداوەکان خێرا و پێشبینینەکراون، بەڵام ئەوەندەی بزانین ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق وەزارەتی دارایی ئاگادار کردووەتەوە کە پرۆژەبودجەی 2020ی عێراق بنێرێتە پەرلەمان، ئەگەر ئەم پرۆژەیەش بکرێتە یاسا، بودجەی کوردستان لەوەی ئێستا زیاتر دەبێت و دۆخی ئابووریی هەرێم باشتر دەبێت. دەشڵێت: هەرکاتێک پرۆژەبودجەی 2020چووە پەرلەمان، شاندی کوردستان دەچێتە بەغدا بۆ ڕێککەوتنی سیاسی، تا پرۆژەکە لە پەرلەمان تێپەڕێت، لە عێراقیشدا پەرلەمان و حکوومەت گیرۆدەی جادەیە و حزبە سیاسییەکانیش هەڵوێستی شەقامیان خراپ کردووە لەسەر بەرکەوتەی کورد لە بودجە، بۆیە ئەم بودجەیە پێویستی بە ڕێککەوتنە.

هێزی پێشمەرگە لەوپەڕی ئامادەباشی دایە

فەرماندەیەکی پێشمەرگە بۆ «خەبات»:

با هاووڵاتیان لە ئارامیی سنووری کوڵەجۆ دڵنیا بن

فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سنووری کوڵەجۆ، ، ئەمڕۆ یەکشەممە ئاشکرای کرد جگەلە هێنانی هێزی تۆکمە، بە کامێرای چاودێریش پیلانی تیرۆریستان لە سنوورەکە پووچەڵ دەکەینەوە و دڵنیایی بە هاووڵاتیان دەدەین بەبێ ترس بە ئاهەنگ و خۆشی پێشوازی لە ساڵی نوێ بکەن. لەمبارەوە عەمید دلێر حەبیب، فەرماندەی لیوای 3ی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە خەباتی ڕاگەیاند: وەک هێزی پێشمەرگە لە سنووری شارۆچکەی کوڵەجۆ و دەوروبەری لەوپەڕی حاڵەتی ئامادەباشیداین بۆ هەر ئەگەر و هێرشێکی تیرۆریستان. گوتیشی: سەرباری هێنانی هێزی زیاتر، بە کامێرای حەراریش چاودێریی تیرۆریستان دەکەین، بۆیە بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە جوڵەی داعش نادەین.

ئەو فەرماندەیە دڵنیایی دا بە هاووڵاتیان لە سنووری گەرمیان، کە بەوپەڕی دڵنیاییەوە ڕۆژ و شەوەکانی سەری ساڵ بە ئاهەنگ و خۆشی بەسەر ببەن و پێشمەرگە پارێزەری گیانی ئەوانە.



دوو دادوەری کورد بە ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن هەڵبژێردران



دوو دادوەری کورد وەک نوێنەری هەرێمی کوردستان لە ئەنجوومەنی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، هەڵبژێردران. دوێنێ یەکشەممە 2019/12/29 ئەنجوومەنی دادوەریی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، بە سەرپەرشتیی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان، دوو نوێنەرەکەی هەرێمی کوردستان لە ئەنجوومەنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، لەپێی تیروپشکەوە، دیاری کران. لە ئەنجامی تیروپشکەکەوە، هەردوو دادوەر دەهام ئەکرەم عومەر و عومەر ئەحمەد محەمەد بە ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، هەڵبژێردران.

ڕۆژی دووشەممە 2019/12/23 ئەنجوومەنی دادوەریی عێراق ناوی ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی دیاری کرد، کە بریتین لە پێنج کەس. ئەنجوومەنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە نۆ ئەندام پێک دێت، کە پێنجیان لە ئەنجوومەنی دادوەریی عێراق هەڵدەبژێردرێن و دوو ئەندامیش حکوومەتی عێراق دایان دەنێت، دوو ئەندامەکەی دیکەش ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان هەڵیان دەبژێرێت. هەر لە ڕۆژی دووشەممە 2019/12/23 ئەنجوومەنی دادوەریی عێراق لە بەیاننامەیەکدا، داوای لە ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان کرد، دوو دادوەر دیاری بکات بۆ بوون بە ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان، کە نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان دەکەن لە ئەنجوومەنەکە. ڕۆژی پێنجشەممە 2019/12/5 پەرلەمانی عێراق یاسای کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی پەسەند کرد.

زیانی 100هەزار بەرمیلی ڕۆژانە نەوت لە داهاتی عێراق دەکەوێت

خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

بەهۆی خۆپیشاندانەکانی شارەکانی باشووری عێراقەوە پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت و جۆرەکانی تری بەرهەمی گاز و نەوت لەبەسرە و چەندین پارێزگا و شاری عێراق ناوبەناو پەکی کەوتووە و دواترینیشیان وەستانی هەناردەی 100 هەزار بەرمیلی ڕۆژانەیە لەپارێزگای زیقار.

کۆمپانیای نەوتی پارێزگای زیقار لەبەیاننامەیەکدا کە وێنەیەکی دەست ڕۆژنامەی خەبات کەوتووە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کارمەندانی ئەم کێڵگە نەوتییە گرنگە گرتووە و بەمەش ئێستا عێراق لە بەرهەمی نەوتیی ئەم کێڵگەیە بێ بەشە کە 100هەزار بەرمیلی ڕۆژانەیە و ئەوەش زیانێکی گەورە بەداهاتی عێراق بەگشتی و پارێزگاکە بەتایبەتی دەگەیەنێت.



لەبەیاننامەکەی کۆمپانیای نەوتی زیقار هەروەها ئاماژە بەنەبوونی هێز و توانای پێویست بۆ پاراستنی گیانی کارمەندان و بۆربیە نەوتی و گازییەکان و دامەزراوە نەوتییەکان دەکرێت لەو پارێزگایەدا.

لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەیەکی ئەمنیی و سەرچاوەیەکی دیکە لە کۆمپانیای نەوتی زیقار ڕایگەیاند، دەیان خۆپیشاندەر بەرهەمهێنانی نەوتیان لە کێڵگەی نەوتی ناسرییە لە پارێزگای زیقار باشووری عێراق، وەستاند.

هەردوو سەرچاوەکە ڕایانگەیاندووە، دەیان خۆپیشاندەر بەهۆی بێکاری و داوای ڕەخساندنی هەلی کار چوونە سەر کێڵگەی نەوتی ناسرییە و کارمەندانی کێڵگەکەیان ناچار کردووە بەرهەمهێنانی نەوت بووەستێنن.

بە گوتەی هەردوو سەرچاوەکە، وەستاندنی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکەدا تا ئێستا "ڕۆژی یەکشەممە" بەردەوامە، هاوکات هێزە ئەمنییەکان نەهاتوون بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران.

www.xebat.net
دووشەممە 2019/12/30 ژمارە (5901)

هێرشەکەی سەر بنکەی K1ی ئەمەریکا و کاردانەوەکان

ئەگەر هەیە گرووپی حزبوڵڵای عێراقی لەو هێرشە تێوەگلابێت

ئێستا میلیشیاکان لە هێڵی سوور نزیک دەبنەوە و ئەگەری هەیە هاوپەیمانان بەتوندی وەڵامیان بدەنەوە



خەبات: زانکۆ جاف

ئێوارەی رۆژی هەینی بە 30مووشەک هێرش کرایە سەر سەربازگەی k1ی ئەمەریکی لە سنووری پارێزگای کەرکووک، جیا لەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە بنکەی عەین ئەسەد لە رۆژئاوای عێراق و بنکەکانی تریشی رێوشوێنی توندی خۆپارێزی و ئامادەسازییان بۆ هەر ئەگەرێک وەرگرتووە، دۆخەکە بەو ئاراستەیە کە دوای دیاریکردنی کاندیدی سەرۆک وەزیرانی عێراق، هەڵمەتێکی سەربازی ئەمەریکی لەدژی گرووپەکانی ناو حەشدی شەعبی دەست پێ بکات. هاوکات بە گوێرەی تەلەڤزیۆنی فاکس نیوز، دوو کاربەدەستی فەرمی ئەمەریکا، تاقمەکانی جێگای پشتیوانی ئێرانی بە بەرپرسیاری ئەو هێرشە ناساندووە.

هێرشەکەی سەر بنکەی کەی وەن

ئێوارەی رۆژی هەینی بە 30 مووشەک هێرش کرایە سەر سەربازگەی k1ی ئەمەریکی لە سنووری پارێزگای کەرکووک، جیا لەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە بنکەی عەین ئەسەد لە رۆژئاوای عێراق و بنکەکانی تریشی رێوشوێنی تووندی خۆپارێزی و ئامادەسازییان بۆ هەر ئەگەرێک وەرگرتووە، دۆخەکە بەو ئاراستەیە کە دوای دیاریکردنی کاندیدی سەرۆک وەزیرانی عێراق، هەڵمەتێکی سەربازی ئەمەریکی لەدژی گرووپەکانی ناو حەشدی شەعبی دەست پێ بکات. هاوکات بە گوێرەی تەلەڤزیۆنی فاکس نیوز، دوو کاربەدەستی فەرمی ئەمەریکا، تاقمەکانی جێگای پشتیوانی ئێرانی بە بەرپرسیاری ئەو هێرشە ناساندووە. تام کاتن، نوێنەری ئەیالەتی ئارکانزاس لە پارتی کۆماری بۆ سێنێتی ئەمەریکا گوتی، ئەگەر خوێنی ئەمەریکاییەکان لە لایەن تاقمەکانی پشتیوانی ئێران ڕژابن، دەبێت تاران ڕووبەڕووی سەرئەنجامە قورسەکانی بێت. بە گوێرەی تێپەکانیان لەناو ئۆتۆمبێلێک دۆزرایەوە لەو خاڵەی موشەکەکانی تیادا هەڵدرابوو.

بۆردومانەکە ورد بووە لە پێکانی ئامانجەکانی

بەگوتەی سەرچاوە سەربازییەکان، ئەو هێرشە گەورەترینە لەنێوان ئەو زنجیرە هێرشەی تا ئێستا بۆ سەر وەڵامیان بدەنەوە. ئەو بەرپرسەی ئەمەریکا بە "ڕێتەرز"ی ڕاگەیاندووە، ئێمە لەسەر تەقەکردنی دەمارگیریان ڕاهاتبووین، بەڵام بەدەگمەن ڕوویدەدا، کەچی ئێستە دۆخەکە ئاڵۆزتر بووە و هەڵدانی موشەکەکانیان زیادی کردووە، ئەوەش زۆر نیگەرانمان دەکات، ڕوونیشی کردەوە، ئەو کارانەیان ڕەنگە لەهەر ساتێک دۆخەکە لەسەر زەوی بگۆڕێت و ئەوەش ئەگەری زیادبوونی پەرەسەندنێکی بێ مەبەست لەلایەن ئەوان یان ئێمە زیاتر دەکات.

ئەگەری وەڵامدانەوەی هاوپەیمانان

ئەو بەرپرسە ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە، ئێستا میلیشیاکانی سەر بە ئێران لەسەر خاکی عێراق لە هێڵی سوور نزیک دەبنەوە و ئەگەری بەرڕۆەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراق لەوەتەی کۆتایی تشرینی یەکەمی ڕابردوو ئەنجام دراوە کە دەورووبەری باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە ناوچەی سەوزی بەغدای کردە ئامانج و بەو هۆیەوە سەربازێکی عێراقی کوژرا و ژمارەیەکیش بریندار بوون. هەروەها سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن، موشەکەکان بنکەیەکی ئەمەریکیان کردە ئامانج و لەناو گۆڕەپان و ژووری کۆبوونەوەکان کەوتنە خوارەوە، بۆردومانەکە ورد بووە لە پێکانی ئامانجەکانی، لەو ناوەدا سەرچاوەیەکی ئەمەریکی ڕایگەیاندووە کە ئێستە مەترسیی گرووپەکانی سەر بە ئێران لە عێراق لە ڕێکخراوی داعش زیاتر بۆ سەر سەربازانی ئەمەریکا. ئەگەر هەیە گرووپی حزبوڵای عێراقی سەر بە ئێران لەو هێرشە تێوەگلابێت.

کێ هێرشەکەی ئەنجامداوە؟

لای خۆیەوە بەرپرسێکی ئەمەریکی ڕایگەیاند کە ئەو هێرشانەی گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران لە عێراق ئەنجامی دەدەن، ڕەنگە دۆخەکە ئاڵۆزتر بکەن و لەکۆنترۆڵ دەربچێت و ئەگەر هەیە هاوپەیمانان بە تووندی وەڵامیان بدەنەوە، بۆیە ڕەنگە ئەنجامەکەی بەدڵی کەس نەبێت، دووپاتی کردەوە، زانیارییەکانی هەواڵگری و پشکنینی موشەکەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کەتیبەکانی حزبوڵا یان عەسائیبن کە موشەکەکانیان هەڵداوە. چاوەدێران پێیان وایە کە ئەو جموجۆڵە سەربازیانەی حەشدی شەعبی لەدژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا کە تا دێت تووندتر و وردتر دەبن، ئاماژەیەکە بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی مەلمانێی سەربازی، بەتایبەتی کاتێک هێزە سیاسییەکانی نزیک لە ئێران شکستیان هێنا لە سەپاندنی سەرۆک وەزیرانێکی نزیک لەخۆیان، بۆیە ڕەنگە هەوڵی پێشخستنی گورزێکی سەربازی ئەمەریکی بۆ سەر بارەگاکانیان بدەن یان هەیە هاوپەیمانان بەتوندی وەڵامیان بدەنەوە. ئەو بەرپرسەی ئەمەریکا بە "ڕێتەرز"ی ڕاگەیاندووە، ئێمە لەسەر تەقەکردنی دەمارگیریان ڕاهاتبووین، بەڵام بەدەگمەن ڕوویدەدا، کەچی ئێستە دۆخەکە ئاڵۆزتر بووە و هەڵدانی موشەکەکانیان زیادی کردووە، ئەوەش زۆر نیگەرانمان دەکات، ڕوونیشی کردەوە، ئەو کارانەیان ڕەنگە لەهەر ساتێک دۆخەکە لەسەر زەوی بگۆڕێت و ئەوەش ئەگەری زیادبوونی پەرەسەندنێکی بێ مەبەست لەلایەن ئەوان یان ئێمە زیاتر دەکات.

ئەگەری وەڵامدانەوەی هاوپەیمانان

ئەو بەرپرسە ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە، ئێستا میلیشیاکانی سەر بە ئێران لەسەر خاکی عێراق لە هێڵی سوور نزیک دەبنەوە و ئەگەری بەرڕۆەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراق لەوەتەی کۆتایی تشرینی یەکەمی ڕابردوو ئەنجام دراوە کە دەورووبەری باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە ناوچەی سەوزی بەغدای کردە ئامانج و بەو هۆیەوە سەربازێکی عێراقی کوژرا و ژمارەیەکیش بریندار بوون. هەروەها سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن، موشەکەکان بنکەیەکی ئەمەریکیان کردە ئامانج و لەناو گۆڕەپان و ژووری کۆبوونەوەکان کەوتنە خوارەوە، بۆردومانەکە ورد بووە لە پێکانی ئامانجەکانی، لەو ناوەدا سەرچاوەیەکی ئەمەریکی ڕایگەیاندووە کە ئێستە مەترسیی گرووپەکانی سەر بە ئێران لە عێراق لە ڕێکخراوی داعش زیاتر بۆ سەر سەربازانی ئەمەریکا. ئەگەر هەیە گرووپی حزبوڵای عێراقی سەر بە ئێران لەو هێرشە تێوەگلابێت.

کێ هێرشەکەی ئەنجامداوە؟

لای خۆیەوە بەرپرسێکی ئەمەریکی ڕایگەیاند کە ئەو هێرشانەی گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران لە عێراق ئەنجامی دەدەن، ڕەنگە دۆخەکە ئاڵۆزتر بکەن و لەکۆنترۆڵ دەربچێت و ئەگەر هەیە هاوپەیمانان بە تووندی وەڵامیان بدەنەوە، بۆیە ڕەنگە ئەنجامەکەی بەدڵی کەس نەبێت، دووپاتی کردەوە، زانیارییەکانی هەواڵگری و پشکنینی موشەکەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کەتیبەکانی حزبوڵا یان عەسائیبن کە موشەکەکانیان هەڵداوە. چاوەدێران پێیان وایە کە ئەو جموجۆڵە سەربازیانەی حەشدی شەعبی لەدژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا کە تا دێت تووندتر و وردتر دەبن، ئاماژەیەکە بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی مەلمانێی سەربازی، بەتایبەتی کاتێک هێزە سیاسییەکانی نزیک لە ئێران شکستیان هێنا لە سەپاندنی سەرۆک وەزیرانێکی نزیک لەخۆیان، بۆیە ڕەنگە هەوڵی پێشخستنی گورزێکی سەربازی ئەمەریکی بۆ سەر بارەگاکانیان بدەن یان ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمەریکا دەیانەوێت بگەنە ئەنجامێک بۆ چۆنیەتی وەڵامدانەوەی بکەرانی ئەو هێرشە، کە گوماندەکرێت ئێران لەپشتیەوە بێت و میلیشیا شیعەکانی نزیک لەو وڵاتەش ئەنجامدەری بوون.

ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران

بە گوێرەی تەلەڤزیۆنی فاکس نیوز، دوو کاربەدەستی فەرمی ئەمەریکا، تاقمەکانی جێگای پشتیوانی ئێرانی بە بەرپرسیاری ئەو هێرشە ناساند. تام کاتن، نوێنەری ئەیالەتی ئارکانزاس لە پارتی کۆماری بۆ سێنێتی ئەمەریکا گوتی، ئەگەر خوێنی ئەمەریکاییەکان لە لایەن تاقمەکانی پشتیوانی ئێران ڕژابن، دەبێت تاران ڕووبەڕووی سەرئەنجامە قورسەکانی بێت. بە گوێرەی نیوزیک و فاکس نیوز، کاربەدەستانی دەزگای زانیاری نەهێنی ئەمەریکا پێیان وایە کە گرووپەکانی چەکداری سەر بە ئێران بەرپرسیاری هێرشەکانی خوێناوی ڕۆژی هەینی بە موشەکان بۆ سەر پێگەیەکی لەشکری لە نزیک کەرکووک بوونە. بە هۆی ئەو هێرشانە پەیمانکارێکی ئەمەریکایی، کە بۆ وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا کاری دەکرد کوژرا، و چەندین کەسی تریش بریندار بوون. هەروەها سەرهەنگ مایلز کەگنز، گوتەبێژی چالاکی لەشکری "وەی پتەو" لە وت و وێژێک لە گەڵ سی ئێن ئێن هەواڵی کوژرانی پەیمانکارێکی ئەمەریکا و برینداربوونی چەند کەس لە هێزەکانی لەشکری ئەمەریکا و عێراقی پشترِاست کردۆتەوە.

کاربەدەستانی وەزارەتی بەرگری بە نیوزیک یان گوت کە پێگەی K1لە کەرکوک ڕۆژی هەینی کەوتە بەر هێرشی موشەکان کە لە ئەنجامدا پەیمانکارێکی وەزارەتی بەرگری کوژراو و چەند کەس لە لەشکری عێراق بریندار بووبون. کاربەدەستێکی باڵای وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا کە نەیویست ناوکی ئاشکرا بکرێت، گوتی کە ماوەیەکی کەم دوای ئەو هێرشە دەزگایەکی موشەک هاوێژی کاتیوشا، کە لە نزیک پێگەکە بەجێهێشترابوو، دۆزرایەوە. بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی سەرەتاییش دەوری 11بۆ 14موشەک لە ئەو پێگەیە دراون. بە پێی ڕاپۆرتی نیوزویکیش، یەکێک لە ئەو موشەکانە لە نێو عەمباریکی چەک و تەقەمەنیدا تەقیوەتەوە.

سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا هۆشداریی دەداتە ئەردۆغان



سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا لەبارەی نارەزایی هێز بۆ لیبیا، هۆشداریی دەداتە سەرکۆماری تورکیا. گیۆسیپی کۆنتی، سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا لە پرێس کۆنفرانسێکدا ڕایگەیاندووە، تورکیا هەوڵ دەدات چارەسەرێکی سەربازی بەسەر کێشەی ناوخۆیی لیبیا بسەپێنێت نەک سیاسی.

گیۆسیپی کۆنتی هەروەها ڕایگەیاندووە، وڵاتەکەی هەوڵ دەدا ڕێگریی لە دەستوەردانی سەربازی لە کێشەی لیبیا بکا و هۆشداریی دا ڕەجەب تەییب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا و ڕایگەیاند، دەستوەردانی سەربازی کێشەکان قوڵتر دەکاتەوە. بڕیارە ڕۆژی پێنجشەممە ?2020-1-2 پەرلەمانی تورکیا لەبارەی پێشنیازی ئەردۆغان بۆ ناردنی هێز بۆ لیبیا کۆبێتەوە و تێیدا دەنگ لەسەر ناردنی هێزی سەربازیی تورکیا بۆ پاڵپشتیی حکوومەتی ویفاقی نیشتمانیی لیبیا، بدات.

دەوڵەت باخچەلی، سەرۆکی مەهەپە ڕایگەیاندووە، ئەندامانی فراکسیۆنەکەیان لە پەرلەمانی تورکیا دەنگ لە بەرژەوەندیی پێشنیازەکە دەدەن، کە ڕەجەب تەییب ئەردۆغانی سەرکۆمار دەینێرێتە پەرلەمان و پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە)ش پشتگیریی دەکات.

پێشتر حکوومەتی ویفاقی نیشتمانیی لیبیا داوای لە حکوومەتی تورکیا کردبوو هێزی وڵاتەکەی بنێرێتە لیبیا، بۆ بەرگرتن بە هێرشی سوپای نیشتمانیی لیبیا، کە خەلیفە حەفتەر سەرۆکایەتی دەکات.

هەروەها ڕۆژنامەی (شەرقولئەوسەت) باڵاوی کردەوە، کە تورکیا گرووپی لیوای سوڵتان موراد، کە چەکدارەکانی تورکمانی سووریا و ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی سووریان، بۆ پاڵپشتیی حکوومەتی ویفاقی نیشتمانیی لیبیا، دەنێرێتە ئەو وڵاتە.

تورکیا، کە ڕەجەب تەییب ئەردۆغان سەرۆکایەتی دەکات و لەلایەن پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) بەڕێوە دەبرێت، کە پارتێکی سەر بە ڕەوتی ئیخوان موسلیمینە، بە ناردنی چەک و چەکدار و واژۆکردنی گرێبەستی ئابووریی و ئەمنی، هاوکاریی حکوومەتی ویفاقی نیشتمانیی لیبیا دەکات، کە ئەو حکوومەتەی لیبیا لەلایەن سەرکردەکانی ئیخوان موسلیمین پێکهێناوە و لەگەڵ سوپای نیشتمانیی وڵاتەکەی تووشی شەڕی ناوخۆیی بووە.

وڵاتانی سعودیە، ئیمارات، میسر و بەحرێن، کە ئیخوان موسلیمینیان خستووەتە ناو لیستی تیرۆرەوە، پاڵپشتیی سوپای نیشتمانیی لیبیا دەکەن.

فایەق شێخ عەلی: ببمە سەرۆک وەزیران، عامری وەک بکوژی عێراق و گەلەکەی دادگایی دەکەم





K24/ فایەق شێخ عەلی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە خۆی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران کاندید کردووە، ڕایدەگەیەنێت، ئێستا لە عێراق بڕیار لە دەست هادی عامریە و ئەو ڕێگرە لەوەی ببمە سەرۆک وەزیران. فایەق شێخ عەلی، لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر دەڵێت: دەزانن بۆ ڕازی نییە لەسەر ئەوەی ببمە سەرۆک وەزیران، چونکە ئەو بە دڵنیاییەوە دەزانێت وەک تاوانبارێکی جەنگ و بکوژی عێراق و گەلەکەی دادگایی دەکەم و خوێنی بیتاوانانی عێراقییەکان لە ئەستۆی ئەودایە.

هەر لە درێژەی تویتەکەیدا، شێخ عەلی دەڵێت: وەک دزێک کە نەوتی عێراقی دزیوە و پارەیەکی زۆری وەزارەتی گواستنەوەی خواردووە دادگایی دەکەم، دەیان تۆمەتی دیکەش چاوەڕێی دەکات. دوای ئەوەی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق دەستی لە کارکێشایەوە و ماوەی دەستووری بۆ دیاریکردنی سەرۆک وەزیرانی نوێش کۆتایی هاتووە.

ئەگەرچی کوتلەی بنیاتنان، ئەسعەد عەیدانی پارێزگاری بەسرەیان بۆ ئەو پۆستە کاندید کردووە، بەڵام لەلایەن خۆپێشاندەرانەوە ڕەتکراوەتەوە و سەرۆک کۆماریش ئامادە نییە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕایسپێرێت.

فایەق شێخ عەلی، کە بە لێدوانە تونەکانی لە دژی گەندەڵی ناسراوە و بە هەڵوێستەکانی توانیویەتی سۆز و سەرنجی خۆپیشاندەران لە گۆڕەپانەکان بەدەست بهێنێت و بەشێکشیان پشتگیری دەکەن بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆک وەزیران، بەڵام کوتلەیەکی گەورەی نییە لە پەرلەمان پشتیوانی لێبکات، لەکاتێکدا بە گوێرەی دەستوور دەبێت گەورەترین کوتلە کاندیدی سەرۆک وەزیران دیاری بکات. کوتلەی بنیاتنان کە خۆی وەک گەورەترین کوتلە دەناسێنێت، لە فراکسیۆنەکانی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکی، فەتحی هادی عامری، سادیقونی قەیس خزعەلی و چەند فراکسیۆنێکی دیکە پێکدێت.

د.بەشیر حەداد پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەی هەشتەمی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەکات

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی هەشتەمی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و هەڵبژاردنەوەی مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین وەکو ئەمینداری گشتی ئەو حزبە، دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پیرۆزبایی لە مامۆستا سەلاحەدین و سەرکردایەتی نوێ و ئەندام و لایەنگرانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەکات. جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئومێد دەکات، سەرکەوتنی کۆنگرەی هەشتەمی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بتوانێت خزمەتی زیاتر بە یەکڕیزی و تەبایی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و پاراستنی دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بکات.

دکتۆر بەشیر حەداد، هیواشی خواست یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و حزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی سەر گۆڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق، هەوڵی جدی تر بدەن بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیەکی گونجاو بۆ دەربازبوونی ولات لەو دۆخەی ئێستا پێیدا تێپەڕدەبێت.



داوای ڕاسپاردنەوەی عەبدولمەهدی دەکرێت

پەرلەمانتارێکی رەوتی حیکمە: هەفتەی داهاتوو تەواوی ناکۆکییەکان لەسەر سەرۆک وەزیرانی داهاتوو یەکلایی دەکرێنەوە

K24/ گوشارەکان بۆ ڕاسپاردنەوەی سەرۆک وەزیرانی دەستلەکارکێشاوەی عێراق زیاتر دەبێت و بەشێک لە لایەنەکانیش بۆ دەرچوونی عێراق لەو قەیرانەی تێیکەوتووە بەنیازن داوا لە سەرۆک کۆمار بکەن جارێکی دیکە عادل عەبدولمەهدی بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕابسپێرێتەوە.

پەرلەمانتارێکی رەوتی حیکمەی نیشتمانی ئاشکرای دەکات، هەرێەک لە هاوپەیمانێتی سائیروون، نەسر و رەوتی حیکمە جموجۆڵەکانیان بۆ رازیکردنی هاوپەیمانێتی بوونیادنانەوە و لایەنە سونییەکان بۆ ڕاسپاردنەوەی عادل عەبدولمەهدی دەست پێدەکەن.

ئەو پەرلەمانتارەی رەوتی حیکمە جەختدەکاتەوە، هەفتەی داهاتوو تەواوی کێشە و ناکۆکییەکان لەسەر سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق یەکلایی دەکرێنەوە.

سەبارەت بە هەڵوێستی هاوپەیمانێتی بوونیادنانەوە، کە ئێستا گەورەترین کوتلەی پەرلەمانییە حەسەن فەدەعەم، پەرلەمانتاری رەوتی حیکمە ئاشکرایکردووە، هاوپەیمانێتی بوونیادنانەوە پەشیمانە لە قبوڵکردنی دەستلەکارکێشانەوەکەی عادل عەبدولمەهدی، چونکە ئێستا چەندین قەیران ڕووبەڕووی ئەو وڵاتە بووەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە عەباس وەجی، پەرلەمانتاری کوتلەی سادقوونی سەر بە عەسائیب ئەهلولحەق ڕوونیدەکاتەوە، داوای لایەنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی ڕاگوزەرە، کە عادل عەبدولمەهدی بۆ پێکهێنانی ئەو حکومەتە ڕابسپێردرێت.

هەرچی هاوپەیمانێتی سائیروونە پێیوایە ئاماژەکان دەرخەری ئەوەن، حکوومەتی ئێستای کاربەڕێکەری عێراقە لەکارەکانی بەردەوامبێت تاوەکو هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت.

بەدەر زیادی، پەرلەمانتاری هاوپەیمانێتی سائیروون ڕایگەیاند، بەهۆی ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان لەسەر دیاریکردنی کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران ئەوەی پێشبینی دەکرێت مانەوەی حکوومەتی ئێستایە تاوەکو هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت.

سوپای عێراق ئۆپەڕاسیۆنی نەسر 8 لە دژی داعش دەست پێدەکات



سوپا و میلیشیا عێراقییەکان ئۆپەڕاسیۆنی نەسر 8 لە دژی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش دەست پێدەکات. ئۆپەڕاسیۆنەکە سەرلەبەیانیی دوێنێ یەکشەمە 29-12-2019 بە سەرپەرشتیی فەرماندەیی ئۆپەڕاسیۆنە هاوبەشەکان دەستیپێکرد. لەو ئۆپەڕاسیۆنەدا، کە دریژەپێدەری حەوت ئۆپەڕاسیۆنی پێشترە، سوپا و میلیشیا عێراقییەکان لە پێنج میحوەرەوە هەوڵی لەناوبردنی چەکداران و شانە نووستووەکانی داعش دەدەن. محیوەرەکانیش بریتین لە: "میحوەری فەرماندەیی ئۆپەڕاسیۆنەکانی نەینەوا، میحوەری فەرماندەیی ئۆپەڕاسیۆنەکانی جەزیرە، میحوەری فەرماندەیی ئۆپەڕاسیۆنەکانی سەلاحەدین، میحوەری فەرماندەیی ئۆپەڕاسیۆنەکانی دیالە، میحوەری کەرکووک". هەرچەندە حکوومەتی عێراق لە کۆتایی ساڵی 2017کۆتاییهاتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشی ڕاگەیاند، بەڵام چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە بەردەوام لەپارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین، ئەنبار و بەغدا کردەی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن.

لە مانگی 6ی 2014 نزیکەی دوو هەزار چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشیان کردە سەر شاری مووسڵ و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، هەرەسیان بە سوپای عێراق هێنا و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگا سونییەکانی داگیر کرد.

پەروین بوڵدان: لە ماوەیەکی نزیکدا ئاکپارتی هەڵدەوەشێتەوە



ڕووداو/ هاوسەرۆکی هەدەپە لە سێیەم کۆنگرەی ئاسایی لقی ڕێکخستنەکانی پارتەکەیدا لە ئەنتالیا ئاماژەی بەوە کرد، ئاکپارتی سێ لەت بووە و دوورخستنەوەیشی بەخێرایی لە دەستی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنە.

پەروین بوڵدان هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان ڕایگەیاند: لە ماوەیەکی نزیکدا ئاکپارتی هەڵدەوەشێتەوە. ئێستا بووتە سێ لەت و تەمەنی دەسەلاتداریتیشی کەمی ماوە. دوورخستنەوەیشی بەخێرایی لە دەسەلات، بەدەستی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنە؛ ئەوانەی باوەڕیان بە دیموکراسییەت هەیە. کاتی هاتووە و پێویستە بە گورزێکی بەهێز دووربخرێتەوە. ڕۆژی 13ی ئەیلوولی ئەمساڵ ئەحمەد داودئۆغلۆ و ژمارەیەک بەرپرس و پەرلەمانتاری ئاکپارتی دەستیان لەو پارتە کێشایەوە و بڕیاری دامەزراندنی پارتێکی سیاسیی نوێیان دا. ڕۆژی هەینی 13-12-2019پارتە نوێیەکەیان بە سەرۆکایەتیی داودئۆلۆ بە ناوی "پارتی ئایندە" ڕاگەیاند و لە ئەنقەرەی پایتەختدا ڕێورەسمی ناساندن و ڕاگەیاندنیان بۆ سازکرد.

بوڵدان ڕاشیگەیاندووە، ئاکپارتی چیدی دەسەلاتێکی ڕەوای گەل نییە. دادگا، سوپا، میدیا و هەموو جومگەکانی دەسەلاتیان خستووەتە ژێر هەژموونی خۆیانەوە. هەرکەسێک لەگەڵیان نەبێت، بە چاوی دوژمنکارانە سەیری دەکەن و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. سەرباری ئەمەش، ئاکپارتی ترسی لە هەدەپە هەیە بۆیە سەلاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ و هاوڕێیەکانی دیکەمان زیندان دەکەن.

بە گوێرەی ئامارەکانی نووسینگەی داواکاری گشتیی تورکیا، لە ماوەی نێوان تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ئەمساڵدا 57هەزار و بە کۆی گشتی لە چوار مانگی ڕابردوودا 114هەزار ئەندامی ئاکپارتی لە پارتەکەیان جیابوونەتەوە.

خۆکوژێکی داعش ئەفسەرێک و سێ سەربازی عێراقی بریندار کرد

شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی دوێنێ یەک شەمە بریندارەبوونی ئەفسەرێک و سێ سەربازی عێراقی لە میانەی ئۆپەڕاسیۆنی قوناغی هەشتەمی ئیرادەی نەسر ڕایگەیاند. شانەکە لە ڕاگەیەنراوێکیدا کە وێنەیەکی دەست میدیا عێراقییەکان کەوتووە دەڵێت: هێزەکانمان لە میانەی قۆناغی هەشتەمی ئۆپەڕاسیۆنی ئیرادەی نەسر بەردەوامن لە ئەرکەکانیان و لەومیانەشدا فەرماندەیی ئۆپەڕاسیۆنەکانی سەلاحەدین، توانیویانە چوار مۆڵگەی تیرۆریستان بدۆزنەوە و دوو تونێلیشیان تەقاندۆتەوەو پێنج خۆکوژی داعش یان کوشتووە.

هەر لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە: لەکاتی هەڵگرتنەوەی داروبەردوویی سەر تونێلەکە، داعشێک خۆی تەقاندۆتەوەو لە ئاکامدا ئەفسەرێک و سێ سەربازی فەوجی دووی سەر بە لیوای 91بریندارەبوون. ڕاگەینراوەکە ڕوونیشیکردۆتەوە کە تا ئێستا هێزەکانیان گەمارۆی ئەو ناوچەیان داوە، بۆ ئەوەی ڕۆژئاوای وادی سەرسار لە نزیک گوندی سرت لە تیرۆریستان پاک بکەنەوە.

عێراق.. ڕفاندن و شوێنبزبوونی 68 چالاکوانی خۆپیشاندانەکان

کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق ڕایگەیاند، لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکانی بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە تا ئێستا بەردەوامە، 68 چالاکوان ڕفێنراون و شوێن بزربوونە. کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بەوەکردووە کە ژمارەی ئەو چالاکوانانەی خۆپیشاندانەکان کە لە میانی خۆپیشاندانەکاندا ڕفێنراون و شوێن بزربوونەوە و لە نووسینگەکانی سەر بە کۆمیسیۆنەکە تۆمارکراون، گەیشتووتە 68کەس.

لە بەیاننامەکەدا ئەوەش ڕوونکراوەتەوە کە لەو ژمارەیە، 12یان بەر لە دوو هەفتە لە کەربەلا ئازادکران و تا ئێستا چارەنووسی 56 کەسەکەی دیکە نادیارە. هەر بەپێی بەیاننامەکە، کۆمیسیۆنەکە لەگەڵ شانەی بەرەنگاربوونەوەی ڕفێنراون لە وەزارەتی ناوخۆ بەردەوامە لە هەوڵەکانی بۆ ئازادکرانی ئەو کەسانەی تا ئێستا چارەنووسیان نادیارە.

بەپێی ئامارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، لە مەرۆڤی عێراق بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاندووە: زیاتر لە 490کەس کوژراون لە ناویاندا 33 چالاکوانیش وەک ئەو دەڵێت بە ئەنقەست کراون بە ئامانج و هەروەها زیاتر لە 22هەزار کەسیش بریندار بوون. دەشڵێت 56 خۆپیشاندەر بێسەروشوێن پاش ئەوەی بە پێی ڕاپۆرتان ڕفێندراون.

لە سێ مانگی ڕابردوودا زیاتر لە 490 خۆپیشاندەر کوژراون

کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق

پارێزگاری هەولێر بازاڕی قەیسەری بەسەر دەکاتەوە



پارێزگاری هەولێر و شاندێکی یاوەری بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی چۆنیەتی نۆژەنکردنەوەکەی (بازاڕی سێبیران)، سەردانی بازاڕی قەیسەریی هەولێریان کرد.
وێنێ یەکشەمە ?29/12/2019پەیجی پارێزگاری هەولێر لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاوی کردەوە، چەند مانگێک لەمەوبەر بەهۆی شۆرتی کارەباوە، بەشی فرۆشتنی جلوبەرگی منداڵانی ناو بازاڕی سێبیران لە قەیسەری شاری هەولێر، ژێرزەمینی بازاڕەکە و چەند دووکانێکی ناو بازاڕەکە سووتان، دوای سووتانی بازاڕەکە بڕیار درا لەسەر ئەرکی پارێزگای هەولێر دووکانەکان و بازاڕەکە نۆژەن بکرێنەوە. دوێنێش بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی چۆنیەتیی نۆژەنکردنەوەکەی بازاڕی سێبیران ، د. فرسەت سۆفی، پارێزگاری هەولێر لەگەڵ شاندێکی یاوەری، بازاڕی قەیسەرییان بەسەر کردەوە.

تەندروستی هەولێر حاڵەتی ئامادەباشی ڕاگەیاند

لەڕاگەیاندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بڵاوی کردەوە بۆ شەوی سەری ساڵ پلانێکی چڕو پڕدا 9تیم دانراوە کە پێک هاتوو لە ئۆتومبێلی فریاکەوتن بە ستافێکی کارا کت پێک هاتوون لە پزیشک و کارمەند بۆ شوێنە گستیەکانی نێو هەولێری پایتەخت لە ڕێگەی بەشی کردە پزیشکیەکان –هۆبەی پزیشکی فریاکەوتن و ئامادەکاری تەواوی خزمەتگوزاری پزیشکی تەندروستی کراوە. بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر ڕاشیدەگەیێنێت ، 122ی پزیشکی فریاگوزاری بۆ بەهاناچوون کارایە.
ئاماژە بەوەش دەکەن بۆ ئەم مەبەستەش هێلی خێرای 122کارایە بۆ پەیوەندیکردن فریاگوزاری خێرا تیمی جێگیریش ئامادەیە بۆ پێشکەش کردن و بەهاناچونی هەرحالەتێک گەر هەبێت.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی بۆ «خەبات»:

پەلە لە پەسەندکردنی پرۆژەیاسای چاکسازی دەکەین

بۆ ئەم مەبەستە پشووی زستانەی پەرلەمان کەم کرایەوە



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان دەنگۆیەک لەبارەی پرۆژەیاسای چاکسازی ڕەت دەکاتەوە. چەند ماڵپەڕێک دەنگۆی ئەوەیان بڵاو کردووەتەوە، کە 75 پەرلەمانتاری کوردستان بەهۆی ئەوەی لە پرۆژەیاسای چاکسازی خانەنشینیی پەرلەمانتاران نایانگرتەوە، هەولێ گۆڕینی برگەکانی دەدەن.
ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند، ئەو دەنگۆیە دووری لە ڕاستییەوە و «هەولێ لەو شێوەیە قبوڵکراو نییە».
ئومێد خۆشناو هەروەها ڕایگەیاند، بۆ پەلەکردن لە پەسەندکردنی پرۆژەیاسای چاکسازی، پشووی زستانەی پەرلەمان کەم کرایەوە و هەندێک لێژنەی پەرلەمانیش کاری خۆیان لەسەر پرۆژەیاساکە تەواو کردووە.
هەروەک سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ڕایگەیاند، چاکسازی لە هەموو سێکستەرەکان بە یەک پاکێج دەکرێت و دوای تەواوبوونی پشووی سەری ساڵ، پەرلەمان دەست بەکارکردن لەسەر پرۆژەیاسای چاکسازی دەکاتەوە.
ڕۆژی دووشەمە -16-12 2019پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژەیاسای چاکسازی کرد و بە زۆرینەی دەنگیش سیفەتی بە پەلەی دایە پرۆژەیاساکە، تاوەکو لە ماوەیەکی کەمدا پەسەند بکرێت.
ڕۆژی چوارشەمە -11-12 2019ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتیی مەسرور بارزانی کۆبوونەوە و پرۆژەیاسای چاکسازی پەسەندکرد.
ڕۆژی پێنجشەمە -12-12 2019حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێی ڤالا فەرید، وەزیری هەریم بۆ کاروباری پەرلەمان پرۆژەیاساکەی نارد پەرلەمانی کوردستان.

سێ حاڵەتی تووشبووی ئەنفلۆنزای وەرزیی لە سلێمانی چارەسەریان بۆ کراوە



چوار حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی H1N1ناسراو بە پەتای ئەنفلۆنزای وەرزیی لە شاری سلێمانی تۆمار کراون، بەڕێوەبەی نەخۆشخانەی شار ئاشکرای کرد کە سێ حالەتیان چارەسەرییان بۆ کراوە و نەخۆشخانەیان جێهێشتووە.
چوار حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی H1N1ناسراو بە پەتای ئەنفلۆنزای وەرزیی لە شاری سلێمانی تۆمار کراون، بەڕێوەبەی نەخۆشخانەی شار ئاشکرای کرد کە سێ حالەتیان چارەسەرییان بۆ کراوە و نەخۆشخانەیان جێهێشتووە.
بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شار لە شاری سلێمانی، د. ئومێد عەلی ڕایگەیاند، لە ماوەکانی پێشوودا چوار حاڵەتی تووشبوون بە ئەنفلۆنزای وەرزیی لە شاری سلێمانی تۆمار کراوە، هاوکات ڕێککاری پێویستیش بۆ بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی پەتاکە گیراوەتە بەر.
دوای ئەوەی کە ماوەی پێشوو دەنگۆی تۆمارکردنی چەند حاڵەتێکی تووشبوون بە پەتای ئەنفلۆنزای وەرزیی لە شاری سلێمانی، د. ئومێد عەلی زانیاریەکەی بۆ ئاژانسی ئانادۆلو پشتراست کردەوە و ڕایگەیاند، زۆرێک لە حاڵەتەکانیان کۆنترۆڵ کردووە.
پەتای ئەنفلۆنزا کە بە چەند شێوەیەک خۆی دەردەخات لەوانە ئەنفلۆنزای باڵندە، ئەنفلۆنزای بەراز و ئەنفلۆنزای وەرزی، کە لەسەدا 20ی ئەو نەخۆشانەی ڕوودەکەنە نەخۆشخانەکان لەو جۆرەی دواییانە و بەسەختی گرتوویانە.
د. ئومێد عەلی ئاماژەی بەوەشکرد کە لە ماوەکانی پێشوودا چوار حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە لە سلێمانی تۆمارکراوە.
بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شار لە شاری سلێمانی ئەوەیشی گوت کە سێ حالەتیان چارەسەرییان بۆ کراوە و نەخۆشخانەیان جێهێشتووە.

لە هەولێر لەماوەی چەند ڕۆژێکدا نزیکەی 200 کۆگاو دەرمانخانە سزا دران

خەبات/سەید فاتیح بەرزنجی

دکتۆر ڕەنج محەمەد سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان ڕوونیکردەوە: لەبەر بەرژەوەندی گشتی و سەلامەتی تەندروستی هاوواڵتیان ئێمە لە ڕێگەی لێژنەکانی بەدواداچوونی سەندیکای دەرمانسازان بۆ چەندین جار پشکنین و بەدواداچوون بۆ هەموو دەرمانخانەو کۆگاکانی دەرمان دەکەین لە سنوری شاری هەولێر و لەماوەی یەک هەفتەدا لەچوار چێوەی پشکنین و بەدواداچونی خۆمان بڕیاری سزای دارایی و پێبژاردن بۆ 107 دەرمانخانەو کۆگای دەرمان کردو بڕیاری سزای داخستنیش بۆ 60 دەرمانخانەو کۆگای دەرمان دەرچوو جگە لەوەش سزای ئاگادار کردنەوەش بۆ 212 دەرمانسناز دەرچوو دیارە ئەو دەرمانخانەو کۆگایانەی کە سزادراون بەهۆی پابەند نەبوونیان بوو بە ڕێنماییەکان و لەلایەکی دیکەیشەوە لەلایەن لیژنەی بەدواداچوونی دەرمان بەسەرپەرشتی نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێرو بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێرو بەشی پۆلیسی شارەوانی و کۆنترۆڵی جۆری دەرمان دوابەدوای کۆکردنەوەی زانیاری دەست بەسەر بڕێکی زۆری دەرماندا گیرا، لەم بارەیەوە ئەنوەر کەمال کارگێڕی لیژنە ڕوونیکردەوە: ڕۆژانە بەدواداچوون بۆ کەیسی دەرمان دەکەین و لەهەر دەرمانخانەیەک و کۆگایەکی دەرمان هەر دەرمانێکی بێ ستیکەرو قاچاغ بەرچاو بکەوێت ئەوا بەهاوکاری لیژنەی بەدواداچوونی دەرمان و کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان یەکسەر دەست بەسەر ئەو دەرمانانەدا دەگیرێت و شوێنەکەیش دادەخرێت. دیارە لەم ڕۆژانەی دوایی دوای کۆکردنەوەی زانیاری توانرا بڕێکی زۆری دەرمان دەستی بەسەردابگیرێت ئەویش لەخانوێکی سەر ڕێگای هەولێر ژ پیرمام گوایا ئەو دەرمانە بۆ چارەسەری نەخۆشی شێرپەنجەیە بەڵام ئەو جۆرە دەرمانە هیچ جۆرە ڕێگە پێدانێکی تەندروستی نەبووە بۆیە لەسەر ئەو کەیسی دەرمانە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بەردەوامەو بەپێی یاسای دەرمانسازی کاردانەوە لەگەڵ خاوەنەکەی دەکرێت و هەڵمەتی پشکنین و بەدواداچوون بەردەوامی هەیە.



سوپاس و پێزانین

بەناوی ماڵباتی باوکی کۆچکردوومان خوالێبخۆش بێت حەیدەر حوسێن بۆتانی کە ڕۆژی هەینی 2019/12/27 گیانی سپارد، بەڕێز و حورمەتەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی سەرجەم ئەو ئازیزانە دەکەین کە لە پرسەکەماندا بەشدار بوون و لەم کۆستەدا لە گەڵمان بوون، سوپاسی بێ پایانمان بۆ نوێنەرانی ڕێزدار مەکتەبی سەرۆک بارزانی و نوێنەرانی دامەزراوە ئیداری و حزبی و سەربازی و ئاسایش جەماوەری و کەسایەتی و دۆست و خزمان و کادیر و کەسایەتی ڕۆشنبیری و هونەری و میدیایی و پەروەردەیی و هەموو ئەوانەی دڵنەواییان کردین بەجیاوازی ئایین و پێکهاتەکان لە خزمانی کاکەیی و کریستیان و کەسایەتی قەدرمەند و زانایانی موسڵمان؛ هاتنیان خەمی ئێمەی سووک کرد.
یەزدانی مەزن پاداشتی چاکەیان بداتەوە و کۆست و ناخۆشی لە گشتیان دوورخاتەوە.
قەرزداری جوامێری و دۆست و کەس ودڵسۆزانین...
انا لله و انا الیه راجعون
جەلیل حەیدەر بۆتانی
بەناوی ماڵباتی کۆچکردوو
خوالێبخۆشبێت حاجی حەیدەر بۆتانی

ئاماری ساڵی 2019ی پۆلیسی هەولێر بڵاو کرایەوە

گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر، ئاماری گرنگترین چالاکییەکانی پۆلیسی هەولێری ڕاگەیاند.
دوێنێ یەکشەمە 29/12/2019 ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر لە پریس کۆنفرانسێکدا، ئاماری گرنگترین کار و چالاکییەکانی کە لە 1/1/2019تاوەکو 25/12/ 2019تۆمار کراون، لە پریس کۆنفرانسێکدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، خستەڕوو، پوختەی ئاماڕەکانیش بەم شێوەیە بوون:
– لەماوەی ئەم ساڵەدا، شەش هەزار و 411 کەیسی یاسایی لە گشت بنکەکانی پۆلیس و نووسینگەکانی نەهێشتنی تاوان، تۆمار کراون، لەبەرامبەردا شەش هەزار و 212تۆمەتبار لە گشت کەیسەکان، دەستگیر کراون.
لە کۆی گشتیی کەیسەکان، پێنج هەزار و 398 کەیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان یەکلایی کراوەتەوە و ڕەوانەی دادگاکان کراون.
– لە کۆی گشتیی تۆمەتباران، 96تۆمەتبار بڕیاری کۆتاییان لە دادگا بۆ دەرچووە.
– سەبارەت بە بەندکراوان، تەنیا 718تۆمەتبار تاوەکوو ئێستا کەیسەکانیان لەژێر لێکۆڵینەودا ماون.
– بەشێوەی ڕێژەیی، 78%ی کەیسەکان کۆتاییان پێ هاتووە، تەنها 13%کەیسەکان لەژێر لێکۆڵینەوەدا ماون.





بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت

کەش و هەوای ئەمڕۆ دوو شەمە لەشاری هەولێر بەم شێوەیە دەبێت:
ئاسمان لەنێوان پەڵەهەورو نیمچە هەور دەبێت.
خیرایی با : 10-5کم دەبێت.
نزمترین پلەی گەرمای پێشبینی کراو 8پلەی سەدی دەبێت.
بەرزترین پلەی گەرمای پێشبینی کراو 14پلەی سەدی دەبێت.



هیمداد عەبدوللا خۆشناو

بارزانی مۆڵکی هەموو کوردە

جەنابی (مەلا مستەفا شێخ محمد بارزانی) ئەوسەرکردە ئەفسانەییەی گەلی کوردە، کە هەموو تەمەنی لەپێناوی ئازادی و سەرفرازی میللەتەکەی تەرخانکرد و خەبات و تێکۆشانی لە پێناو خاکێکی بەش بەش کرا و میللەتی ستەمدیدەی کورد بوو.

هەربۆیە بارزانیی نەمر بەتەنها مۆڵکی پارتییەکان نیە، بەڵکو مۆڵکی هەموو کوردستانیانە، چونکە خەبات و قوربانیدانی جەنابی بارزانی بۆهەموو گەلی کورد بوو نەک تەنها بۆ پارتیەکان، گومان لەوڕاستییەدا نیە کە کوردی هەرچوارپارچەی کوردستان بارزانی بەسەرکردەی خۆیان دەزانن و بەڕەمزی یەکبوونی گەلی کوردی دەزانن، چونکە بارزانی بوو هەموکورد بێ جیاوازی لەژێرچەترە ئاڵای کوردایەتی کۆکردەوە و سەرکردایەتی بەهێزترین شۆڕشی کرد کە شۆڕشی مەزنی ئەیلول بوو.

ئەوەی کە بارزانی کردە سیمبول و باوکی رۆحی نەتەوەیی کورد ئەو پاکی و دڵسۆزی و بێگەردییەی بوو کە هەی بوو بۆ میللەتەکەی و خۆی بەخزمەتکارزانینی بەرامبەر خاک و نیشتمان هەیبەت و خۆشەویستی بارزانی زیاتر لەناو دڵی هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر چەسپاند و ڕۆژبەڕۆژ لە پەرەسەندندایە.

بۆیە ڕاستە ئێستا بارزانیی نەمر لەناومان نەماوە و خۆشەویستی بارزانی لەناو دڵ و دەروونمان دایە، بەوپەڕی شانازییەوە خۆمان بەڕێبواری ئەم ڕێبازە پیرۆزە دەزانین کە جەنابی بارزانیی نەمر لە پێناویدا خەباتی کرد و لەوڕێیەوە گیانی پاکی کردە قوربانی نەتەوەکەی، کە تا یەک کورد مابێ شانازی بە خەبات و تەنانەت ناوی بارزانیش دەکات. ئەو ناوەی کە وەک قەڵایە بۆ ئەوانەی پشتی پێ دەبەستن و دۆزەخە بۆدوژمنان و بۆئەوانەی پشتی تێ دەکەن.

لە خۆپێشاندانەکانی مانگی ئۆکتۆبەرەوە تاکو ئێستا 490 کەس کوژراون



کاروان محەمەد سینۆ

کۆمسیۆنی نیمچە فەرمی مافەکانی مرۆڤی عێراقی ڕۆژی شەممە 28ی12ی 2019ڕایگەیاندکە لە خۆپێشاندانەکانی سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری 2019تاکو ئێستا (واتا لە ماوەی 3مانگدا) بەلایەنی کەم 490خۆپێشاندەر لە بەغدا و شارەکانی دیکەی باشوری عێراق لەمیانەی خۆپیشاندانەکان کوژراون.

لەسەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری 2019عێراق ڕووبەڕووی شڵەژان و نارامی و خۆپێشاندانی خەڵکی نارازی لە حوکمڕانی عێراق بووەوە. هەر لەسەرەتاوە خۆپێشاندانەکان بە چەک و گوللە بەرپەچ درانەوە و لە یەکەم ڕۆژی خۆپێشاندانەکان لە بەغدا کەسێک بەگوللەی هێزە ئەمنییەکان کوژار و 4کەسی دیکەش بریندار بوون و ژمارەیەکی زۆر دەستگیر کران. خۆپێشاندانەکانی خەڵکی عێراق دژی حکوومەتی بەغدا لەسەرەتادا بۆ دەربڕینی ناڕەزایی بوو بەرامبەر بە تەشەنەکردنی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و زیادبوونی ڕێژەی بێکاری و ناهەمواری بژێوی ژیانی خەڵک بەگشتی. بەڵام دواتر تووندوتیژی کەوتە نێوان خۆپێشاندەران و هێزە ئەمنییەکانی عێراق و ڕۆژ دوای ڕۆژ خۆپێشاندانەکان بەرفراوان بوون و بەرپەچ دانەوەیان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانش تووندوتیژتر بوو. لە ئەنجامدا و پاش ئەوەی خوێنی خۆپێشاندەران بە دەستی هێزە ئەمنییەکان ڕژا، خواست و داواکارییەکانی خۆپێشاندەرانیش لە خواستی چاکسازی و فەرهەم کردنی بژێوی ژیان گۆڕا بۆ ڕووخاندنی حکوومەت و گۆڕینی دەستوور و هەڵبژاردنی پێشوەختە و گۆڕینی سەرتاپای سیستەمی حکومڕانی عێراق (واتا گۆڕینی هەرسێ سەرۆکایەتی دەست هەڵات).

دواتر دواکارییەکی دیکەش بووە خواستی خۆپێشاندەران کە بووە ئەگەر ئاڵۆزی زیاتر و (قوربەکەی زیاتر خەست کرایەوە) ئەویش نەمانی هەژموونی ئیران بەسەر عێراق و ناوەندی بڕیار لە بەغدا. ئەمەش وەرچەخانێکی جەوهەری بوو لە بزاڤی خۆپێشاندانەکان خەڵکی عێراق و بووە هۆی ئەوەی کە زیاتر هێز و ئاگر و ئاسن ڕووبەڕووی خۆپێشاندەران ببێتەوە، هەروەها لەلایەن خۆپێشاندەرانیش تووندوتیژی دەستی پێکرد.

لە ئەنجامدا عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەستی لەکار کێشایەوە و خۆپێشاندەرانیش داوایانکرد کە سەرۆک وەزیرانێکی بێ لایەن و دوور لە هێزە سیاسی و حزبییەکان ببێتە سەرۆک وەزیران. لەو ڕۆژەوە فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و لایەنە حزبییەکان هەر کەسێک کاندید دەکەن بۆ سەرۆکایەتی دەستی پێکرد و دەستکرا بە سووتاندنی کونسوڵخانەی ئێران و بارەگاکانی حەشدی شەعبی (ئەوانەی سەربە ئێرانن) و ئێستر کوشتن و بڕین و ڕفاند و تیرۆ و تۆقاندن



لایەن خۆپێشاندەران قبوڵی ناکەن لەبەر ئەوەی کاندیدی سەربەخۆنین. وێرای تەواو بوونی ماوەی دەستووری دیارکردنی سەرۆک وەزیرانێکی نوێ، بەڵام تاکو ئێستا (نوسینی ئەم بابەتە) هیچ کەسێک دیاری نەکراوە بۆ سەرۆکایەتی وەزیرانی عێراق. بەم شێوەیە عێراق خزاوەتە نێوە قەیرانێک کە ئایندەی پێشبینی ناکرێ.

لەم سەروبەندەدا کۆمسیۆنی مرۆڤی عێراقی ڕۆژی شەممە 28ی12ی2019 ڕایگەیاندکە لە خۆپێشاندانەکانی سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری 2019 تاکو ئێستا (واتا لە ماوەی 3مانگدا) بەلایەنی کەم 490 خۆپێشاندەر لە بەغدا و شارەکانی دیکەی باشوری عێراق لەمیانەی خۆپێشاندان بریندار بوونە، لە نێو کوژراوەکان 33 چالاکوانی مەدەنی بە ئەنقەست کوژراون یاخود ڕفێنراون ئینجا کوژراون، هەروەها 56چالاک وانی مەدەنی بێ سەروشوێن و ژمارەیەکی یەکجار زۆری خۆپێشاندەران لە لایەن هێزە ئەمنییەکان ئێستاکە دەستبەسەرن.

نەتەوە یەکگرتووەکانیش ڕایان گەیاندووە کە بەپێی زانیاری بارەوڕپێکراو کوژا و ڕفێنراو دەستگیرکراوەکان لەلایەن چەکدارانی میلیشیایی کراونەتە ئامانج.

43 ساڵیادی داستانی شارستێن

داستانی شارستێن و سەرنجی سەرۆک بارزانی



سوورە مەرگەیی

گەورەیی و ناسنامەی داستانی شارستێن بەر لەوەی لە بواری سەربازیدا لێکدانەوەی بۆ بکرێ، پێویستە لە بواڕە سیاسی و مەعنەوییەکەدا شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ بکرێ، چونکە ئەگەر گەورەیی و ناسنامەی ئەو داستانە تەنها لە بواری سەربازی و لە ژمارەی شەهید و خەساری زۆری گیانی و مادەی دوژمندا چڕ بکەینەوە، جیا لەوەی دەکەوینە هەڵەیەکی میژوویییەوە، لایەنە هەرە گرنگ و کاریگەرەکانی داستانەکەش لە بیر دەکەین، لەبەر ئەوەی هەم پێش داستانی شارستێن و هەم دوای داستانەکەش زۆر داستانی تر تۆمار کراون کە شەهیدی زیاتر دراون و زیانی دوژمنیش لە ڕووی گیانی و مادییەوە زۆر زیاتر بووە، بۆیە گەورەیی داستانی شارستێن فرە ڕەهەندە و زیاتر لەو کات و ساتە دایە کە داستانەکەی تێدا تۆمار کراوە.

ئەگەر تیشکێکی میژوویی بخرێتە سەر لایەنە شاراوەکانی داستانەکە، ئەوجار تێدەگەین کە داستانی شارستێن چ کاریگەرییەکی بۆ بڕوا بەخۆ بوونی گیانی بەرەنگاری شۆڕشگێرانی کورد گێڕاوەتەوە و چ سنووردێکیشی بۆ سیاسەتی پیلانگێڕی و داگیرخوازیی دوژمنان داناوە.

بە بۆچوونی من لە ڕووی میژوورییەوە زۆر غەدر لە داستانی شارستێن کراوە، چونکە تا ئێستا نەتوانراوە هەقی میژوویی بە داستانەکە بدرێ و وەک ئەوەی میژوو دەخوازێ لایەنە شاراوەکانی دەربخرێن، لەو ڕوانگەیەوە هەوڵدەدەم بە پێی بۆچوون و شارەزایی خۆم ئەو لایەنانەی داستانەکە دەربخەم کە تا ئێستا بە شاراوەیی ماونەوە، بەو هیوایەی کەسانی شارەزاتر کار لەسەر دەرخستنی کۆی لایەنە شاراوەکانی و کاریگەرییەکانی لەسەر بەرەکەوتنەکاتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و سیاسەتی پیلانگێڕی و مەرامی داگیرخوازیی دوژمنان بکەن.

سەرۆک بارزانی لەسەر داستانی شارستێن چی فەرموو؟

لە ساڵی 2003و لە یادی داستانی شارستێن لە دیدارێکدا لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان و چەند پێشمەرگەیەکی بەشدارببووی داستانەکە سەرۆک بارزانی فەرموویەتی: شۆڕشی ئەیلوول شۆڕش نەبوو... داستانی زاوێتە کردی بە شۆڕش، شۆڕشی گوڵانیش شۆڕش نەبوو... داستانی شارستێن کردی بە شۆڕش، بۆ گەورەیی داستانی شارستێن ئەوەندە بەسە کە وەک سەرۆک بارزانی فەرموویە: ئەوە داستانی شارستێنە کە شۆڕشی گوڵانی هێناوەتە بوون و ناسنامەی شۆڕش بوونی پێ بەخشیوە، ئەوە شۆڕشی گوڵانیشە دەستکەوتەکانی ئێستای پێ بەخشیون و سەربەخۆیی کوردستان و خەونی داهاتوویەکی دوور لە چەوسانەوەی نەتەوەیی لەسەر بنیات دەنێین، ئەوە یەکێکە لە لایەنە میژوونییەکانی داستانی شارستێن کە تا ئێستا بە شاراوەیی ماوەتەوە.

داستانی شارستێن و هەستانەوەیەکی ئەبەدی:

بەر لە تۆمار کردنی داستانی شارستێن کەشتی شۆڕشی کورد خرابووە ناو گێژاوی پیلانێکی نێودەوڵەتی، دوژمن لە لوتکەی غرووڕ و کورد لە گەرمەی گلان و شکستدا بوو، ڕژێمی داگیرکاری شای ئێران و ڕژێمی بەعسی داگیرکار کێکی سەرکەوتنی پێلانە نێودەوڵەتییەکەیان دابەش دەکرد، تەنانەت سەددام حوسێنی گەورە دیکتاتۆر و تەنازولچی پیلانە نێودەوڵەتییەکە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە گوتی: بۆ هەتا هەتایە کۆتاییمان بە یاخی بوونی چەکداریی باکووری عێراقی خۆشەویست هێناوە.

پیلانە نێودەوڵەتییەکە ئەوەندە کاریگەر بوو کە بەشێک لە سەرکردەکانی شۆڕش هەوڵیان دەدا لە بەرپرسیارێتی ڕابکەن، بەشێکی تریشیان ئەو فەرموودەیەی بارزانیی نەمریان لە بیر کرد کە دەڵێ: بە سەرکەوتن مەغروور مەبن و بە شکستیش نائومێد مەبن، کەچی پیلان و شکستەکە بە شێوەیەک نائومێدی کردن کە بیریان لە هەستانەوە نەکردەوە و خۆیان ڕادەستی ڕژێم کردەوە، ئەوەی شانی دایە بەر بەرپرسیارێتی و بە شکستەکە نائومێد نەبوو و لە بیری هەستانەوەشدا بوو، بارزانیی نەمر و ئەو شۆڕشگێرانە بوون کە هیزی هەستانەوەیان لە فەرموودەکەی بارزانیی نەمر وەرگرت و بە شکست نائومید نەبوون و فەرموودەکەی بارزانیی نەمریان کردە کارنامە و بنەمای هەستانەوە.

لەو کاتە ناسک و لەو قۆناغە هەستیارەدا کە دوژمنان سەرگەرم و مەستی سەرکەوتنی پیلانە نێودەوڵەتییەکە بوون، داستانی شارستێن دوو پەیامی بە دۆست و دوژمن گەیاند، یەکەمیان: دوژمنان و داگیرکارانی کوردستانی لە خەوی غرووڕ و دوژمنکاری ڕایچڵەکاندن و خەونی پیلانگێڕی و بێدەنگ کردنی کوردی زڕاندن، دووەمیشیان: دوا ئومێدی هەستانەوەیەکی ئەبەدی بەبەر کورددا کردەوە، کەواتە گەورەیی و ناسنامەی داستانی شارستێن جیا لەوەی وەڵامدەرەوەی پیلانە نێودەوڵەتییەکەی 6ی ئازاری ساڵی 1975ی جەزائیر بوو، شکستیشی بە شکست هێنا و ئومێدی بەردەوامی تا سەرکەوتنی بەبەر شۆڕشگێران و شۆێنکەوتوانی ڕێبازی بارزانیی نەمر و خوازیارانی سەربەخۆیی کوردستاندا کردەوە.

ئایا قسە و باسەکانی سیسی بەرامبەر کورد و پرسەکەی نوێیە؟





یونس حەمەد/ ئۆسلۆ

لەبەردەم زۆرێک لەقوتابی و لاوانی جیهانی عەبدولفەتاح ئەلسیسی سەرۆکی کۆماری میسڕی عەرەبی وتارێکی بۆ ئەو کۆمەڵەلاوەی ئامادەبوو پێشکەشکرد، وتارەکەلەزۆر ڕووەوەناسایی بوو، بەڵام بۆ کورد گرینگ و چاوەڕواننەکراو بوو، ئەگەرچی لەپەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا تا ڕادەیەک میسڕ و سەرۆکی ئەو سەردەم جەمال عەبدولناسڕ هاوسۆزبوون لەگەڵ پرسی ڕەوای کورد، کەچی هاوسۆزییەکەلەچوارچێوەیەکی سنووردار و عێراقێکی یەکگرتووبوو ، ئەوکات عەبدولناسر هەمیشەو بەردەوام جەختی لەوەدەکردەوەکەپێویستەمافی کورد زیاتر لەئۆتۆنۆمی تێنەپەڕێندرێ، چونکەعەبدولناسڕ کەسایەتییەکی (عروبی) وەک خۆیان جاران ئاماژەیان پێ دەکرد دژی کۆلۆنیزمی جیهانی خەباتی بۆ یەکێتی و یەکگرتوویی گەل و خاکی عەرەب دەکرد. ئەگەر بگەڕینەوەدواوە و میژووی سەد ساڵەی عەرەب بەتایبەت دوای دامەزرانی دەوڵەتەدەستکردەکانی عەرەبی سەیر کەین، دەبینین تاڕادەیەک میسڕ و ولاتانی کەنداو ئەو دژایەتییەی کورد و پرسەکەی وەک پرسی یەکەم نابینن، نەرمترن لەوڵاتانی دەروبەری کوردستان یان هەندێک وڵاتانی دیکە. قسە و باس و ئاخافتنی ئەمجارەی عەبدولفەتاح ئەلسیسی وەچەرخانێکی یەکجار گرینگ و نوێ بوو، چونکەدوای (موعەمەر قەزافی) سەرۆکی پێشووتری لیبیا ئەوەجاری یەکەمەسەرۆکێکی عەرەب بەمشێوەیەبەڕاستگۆیی و بابەتیانەباس لەکورد و پرسەکەی بکات، لەهەمووی ڕاشکاوانەتر باس لەدابەشکردنی کوردستان بەسەر وڵاتاندا، ئەمەجۆرێکەئەگەر گرێمان لێدوانەکەزیاتر دژ بە تورکیا بێت کە ناکۆکییەکی میژوویی لە نێوانیاندا هەیە، باسی لەواقعێکی سەد ساڵەی کرد پڕ لەنەهامەتی کرد کەگەلی کورد پێوەی دەناڵێنێت، ئەویش دابەشکردنی کوردستانە بەسەر چەندین وڵات و قەوارەی دەستکرد. زاری دەمی ئەلسیسی وەچەرخانێکی گرینگە و پێویستەکورد زیاتر لەسەری هەنگاو بنێت و ئەم دەرفەتەبەشێوەیەکی بابەتیانەبقۆزێتەوەو کەسانی بەئەزموون و خاوەن بڕیار بکاتەنوێنەر یان ئەوەتا دڕووستکردنی پردێکی بەهێز لەپەیوەندیی نێوان کوردستان و میسڕ بۆ ئەوەی کارەکان لەئاستی دیپلۆماسی و وێڕای ئەوەی لەئاستی کۆمەڵایەتیشدا قۆناخ لەدوای قۆناخدا پەیوەندییەکان پتەو و باشتر بکرێن، کەبێگومان سودمەندی یەکەم لەم پەیوەندییانەگەلی کوردستانە، چونکەئێستا واخەریکەبەتایبەت دوای ڕیفڕاندۆمی باشووری کوردستان لە 25/9/2017 کرانەوەیەکی پۆزەتیڤ بۆ پرسی کورد دەبینرێت، جا لێرەدا وا پێویستەقسە و لێکدانەوەکانی سەرۆکی گەورەترین وڵاتی عەرەبی چ لەڕووی دانیشتووانداو یان لەڕووکەشی سیاسی و دیپلۆماسیدا بەهەند وەربگیرێت، بەمەش دەتوانین هەنگاو بەهەنگاو زیاتر لەجیهانی وڵاتانی مەزن نزیک ببینەوە، نەخاسمەدەوڵەتێکی بەئەزمونی وەک کۆماری میسڕی عەرەبی کەمێژووی لەگەڵ ژیاندا هەیە، هەمیشەشەڕی مان و نەمانی بۆ پێشخستنی گەل و نیشتمانەکەی کردووە.



100 رۆژ وەک دەسپێکێک بۆ ئایندە



محمد عمر پێنجوێنی

لەو گێژاوە و خۆپیشاندانانەی کە هەر لە مانگی ئۆکتۆبرەوە، عێراقی فیدراڵی لە ناوەڕاست و باشوور گرتۆتەوە، سەرۆک وەزیرانی (تاقانە هەرێم)ی ئەو دەوڵەتە فیدراڵیە، دوای تەنیا **100**رۆژ لەدەست بەکاربوونی کابینەکەیەوە، باسی ئەو دەسکەوتانەی حکوومەتەکەی دەکات کە بەپلان و ئیرادەیەکی جیددی توانیویانە لە ماوەی **100**رۆژی دەست بەکاربوونیان وەک کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەدەستی بێنن.

لە رێکەوتی7ی دیسەمبەری 2019بەرێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی **100**رۆژ تێپەڕبوون بەسەر کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، گوتارێکی تێروتەسەلی پێشکەشی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان کرد، لەو گوتارەیدا تەواوی ئەو هەنگاو و خاڵانەی باس کرد کە لەو ماوەیەدا، خۆی و تیمەکەی لە حکوومەت ئەنجامیان داوە.

خاڵی گرنگ باس کرا و ئومێد و متمانەی زیاتریش بۆ هاوواڵتی دروست بوو، کە ئەم حکوومەتە بە کردار دەیەوێت لە خزمەت کردنی خەڵک بێت.

خزمەت کردن، یەکێک لەو ئامانجە سەرەکییانەیە کە بنەمای کارکردنی ئەو کابینەیە بووە هەر لە رۆژی متمانە پێبەخشینی لە لایەن پەرلەمانەوە.

ئاشکرایە کە خزمەتگوزاری و فەراهەم کردنی ژیانێکی شایستە، یەکێکن لەو بابەتە هەرە هەستیار و گرنگانەی کە هەر تاکێکی کۆمەڵگا داوای دەکات و فەراهەم نەکردنیشی زۆرترین گلەیی و گازندەی لێدەکەوێتەوە، بەڵام بە پێی ئەو ئاماژانەی کە لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقیش هەن، ئەوەمان پێدەڵێن کە هاوواڵتی هێندەی نیگەرانی بوونی گەندەڵی و "نادادپەروەری"یە، هێندە بیری لای خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان نییە، چونکە دەزانێت هەر ئەو دوو شتەن کە دەبنە هۆی وێران کردنی ژێرخان و سەرخان و داهاتووی هەرێم و عێراق.

لەو گوتارە پوختەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم پێشکەشی کرد، هەوڵی باش خرایە روو بۆ سنووردارکردنی هەر دوو ئافاتەکە(گەندەڵی) و(نادادپەروەری)، ئەمەش بە رێگەگرتن و سنووردارکردنیانە لە رێگەی دەرکردنی تەعلیمات و دانانی یاساوە، کە خۆشبەختانە یەکێک لەوچوارچێوە یاساییانەی کە رێگە دەگرێت لە تەشەنەسەندنی زیاتری گەندەڵی، (پرۆژە یاسای چاکسازییە) کە لە لایەن حکوومەتەوە کاری جددی بۆ کراوە و لە سەروبەندی ڕەوانە کردنیەتی بۆ پەرلەمانی کوردستانیش بتوانێت لە پێناو بەرژەوەندیی هەرێم و هاووڵاتیان، بە زووترین کات پەسەندی بکات.

هەر دەوڵەتێک بە کۆنترۆل کردنی هەر دوو بابەتی گەندەڵی و نادادپەروەری و بە دانانی پلانی گونجاو بۆ چاکسازی و شەفافییەت و گەیاندنی خزمەتگوزاری شایستە و گرنگیدان بە کەرتی خوێندن و پەروەردە و تەندروستی و هەروەها گەشەپێدانی ئابووری و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی ئابووری و گرنگیدان بە کەرتی پیشەسازی، ئەوا دەتوانێت داهاتوویەکی گەشتر بۆ وڵاتەکەی دەستەبەر بکات، بۆئەوەی بتوانێت وەک ئەکتەرێکی بەهێز لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش رۆڵبگێڕێت.

وەک هەرێمێکی بچووک، بەڵام بەهێز، جارجارە لەملا ولەولا لەسەر ئاستی ناوخۆیی عێراق و زۆرجاریش ئیقلیمی و بگرە هەندێک جار نێودەوڵەتیش، زۆرجار تووشی قەیرانی دارایی و سیاسی و سەربازی جۆراوجۆرمان دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە نمونەیەکی بەهێز و کاریگەری ناوچەکەین و لە نێو هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەش رۆڵی کاریگەرمان هەیە و کارەکتەرێکی بێدەوڵەتی پڕکاریگەرین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێ کەموکورتی نین و پێویستیمان بە پێداچوونەوە و چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێماسییانە هەیە کە بەرۆکی پیادەکردنی حوکمی ڕەشید دەگرن لەم هەرێمە، چونکە وەک هەرێمێکی هەڵکەوتە ستراتیجی گرنگ، پێویستیمان بەوە هەیە کە لە هەموو ڕوویەکەوە بەهێز بین.

بێگومان هەر دەرئەنجامێکی باش لە سەرەتایەکی باشی خودان پلانی توکمە دەست پێدەکات، کە خۆشبەختانە لە هەرێمی کوردستان، کابینە لەدوای کابینە هەنگاوی باشتر دەهاوێژرێت بۆ هێنانەدی ئەو پلانە ستراتیجیانەی کە هەرێمی کوردستان بۆ ئایندە هەیەتی. هەر بۆیە **100**رۆژی سەرکەوتووی ئێستا، پەیژەی سەرکەوتنە بۆ ئایندەیەکی بەهێزتر.

دەبینین دوای **16**ساڵ لە حوکمڕانی، سەرەڕای هەموو ئیمکانیاتی مادی و مەعنەوی و پاڵپشتی نێودەوڵەتی، بەڵام لەبەر نەبوونی ئیرادە و پلان و ڕوانیایەکی دروست بۆ حوکمڕانی، عێراق بەرەو هەڵدێر و دارمان دەچێت.

دوای **16**ساڵ و بە هەبوونی پارەیەکی زەبەلاح لەبەردەستی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، بەڵام خزمەتگوزاری لە ئاستی پێویست نییە و بگرە (سفریشە)، گەندەڵی ڕووچۆتە نێو هەموو جومگەکانی بەڕێوەبردن و هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەت. لەهەموشی سەیرتر، هیچ کەس و حیزبێکیش نییە ئیرادە و هێزی چارەسەرکردنی هەبێت. هیچ ئومێدێک نییە بۆ ڕزگارکردنی عێراق، بەڵکو هەموویان ملیان ناوەتە بەرەیەک و تازەبەتازە شەڕی تائیفی و مەزهەبی دەکەن.

نەبوونی حوکمی ڕەشید و بوونی گەندەڵییەکی بێسنوور و پێشکەش نەکردنی خزمەتگوزاری پێویست و چارەسەرنەکردنی کێشەکانی عێراق و هەیمەنە کردنی بیری مەزهەبی و تائیفی و تەدەخول کردنی دین لە دەوڵەت و شوێن گرتنەوەی میلیشیا و هێزی چەکداری عەشایرەکان لەجیاتی حکوومەت و دەزگا ئەمنییەکانی عێراق و نەبوونی حکوومەتێکی بە ئیراده و خاوەن پلانی تۆکمە، عێراقیان بەرەو هەڵدێر بردووە و لەبەردەم دارمانێکی مەترسیدار دایە.

گومانی تێدانییە کە پێشکەوتن و گەشەکردنی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێتە یارمەتیدەرێکی باش بۆ عێراق بۆئەوەی سوود لە ئەزموونی کوردستان وەرگرن و خۆیان لەوگێژاوەی تێی کەوتوون رزگار بکەن، ئەگەر کە مەبەستیان چارەسەر کردنی کێشەکانیان بێت و چاویان بەپێشکەوتنەکانی هەرێم هەڵبێت.

هەرێمی کوردستان بە هەموو دەسەڵاتەکانییەوە هەوڵی جدی داوە و دەشیدات بۆئەوەی بکەوێتە سەر ڕاستە ڕێی دروست. ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردوویی بێ بودجەیی و قەیرانە دارایییەکانی هەرێم کە بە زۆر و بە نادەستووری بەسەر هەرێم سەپێنران و هەڕەشەی داخستنی سنووروکان لەلایەن وڵاتانی ئیقلیمییەوە (کە دڵنیام تا نەبینە دەوڵەت هەر بەردەوام دەبن)، ئەوەمان پێ دەڵێن کە زەروورەتێکی هەرە لە پێشینەی هەرێمی کوردستان و بە تایبەت حکوومەتەکەیەتی کە هەوڵی جدی و بەردەوام بدات بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێماسی و گرفتانەی لە هەرێم هەن، بۆئەوەی هەرێمێکی بەهێز بوونی هەبێت، کە خۆڕاگر بێت بەرامبەر هەموو هەڕەشەیەکی ناوخۆیی و دەرەکی.

ئەم هیمەتە لە کابینە یەک لەدوایەکەکانی حکوومەتی هەرێم بەدی کراوە، خۆشبەختانە کابینەی نوێەمیش هەر لەو(**100**) رۆژەی دەستبەکاربوونیانەوە، بەدیاریان خست کە ئەرکێکی قورسیان هەڵگرتووە و ئامانجی لە پێشینەشیان خزمەتکردنی خەڵک و ڕاستەڕێ کردنی کاری حکومەتداری و بنبڕکردنی گەندەڵی و نادادپەروەری و بەهێزکردنی هەرێمی کوردستانە لە هەموو ڕوویەکەوە. هەر بۆیە ئومێدی باش بەدی دەکرێت بۆ هێنانەدی کوردستانێکی بەهێزتر.



میران عوسمان

حیکمەتی جەنابی سەرۆک

وتەی ناوداریک هەیە ئاوا دەڵێت: (داهێنان تا لێتانەوە نزیک بێت، هەستی پێ ناکەی) واتە ئەگەر کەسێک ئەفراندێکی کرد بەڵام ئەو کەسەی لێت نزیک بوو هەستی پێ ناکەی تا لێت دوور نەبێت، لە ڕاستیدا ئەم وتەیە زۆر لە واقعی دونیای ئێمە دەچێ، هەموو ئەفراندێک هەموو داهێنانێک هەموو حیکمەتێک لای ئێمە هەستی پێ ناکرێ، ئەمە لە هەموو کایەکانی دونیای ئێمە تەواو ڕەنگی داوەتەوە، باشترین وێنەکێشی ئێمە، باشترین موسیقاری ئێمە تا لێمان نزیکە قەدری ناگرین، بەڵام هەرکات نەما ئینجا دەزانین چی لە ئێمە ڕۆشتووە. دەزانین کەلێن دەکەوێتە ئەو کایەی ئەو داهێنەرە کە کاری تێدا کردووە لە دونیای موسیقا و هونەر.

بگرە بۆ هەموو کایەکانی تر. گەر بچینە بۆ دونیای سیاسەت دەبینین هەمان مەرگەسات لەم دونیایەش بااڵی تەواوی کێشاوە بە سەر کۆی شتەکان، زۆرن ئەو سیاسەتمەدار و بیرمەندانەی لەدونیای ئێمە کەسانی زۆر چالاک و زۆر پیرۆزە و زۆر سوارچاکی مەیدان بوون، بەڵام ئێمە پەند و عیبرەت لە حکمەتەکانیان وەرناگرین. لە ڕاستیدا هەموو خۆیندنەوەکانی ئێستا لەدونیای ئێمە لەبیر و هزری جەنابی "سەرۆک بارزانی"دا هەبووە و خۆیندنەوە و پێشبینی ئەم کەڵەپیاوە ئەوەندە زۆرن لە ڕابردوو خەرمانێکن پڕ بەبااڵی هەموو ئەو بارودۆخەی کە لە دەوروبەر و ناوخۆی خۆمان کردووە، مەزنی ئەم پیاوە تەواو دەردەکەوێ کە لە شارێکی عەرەبیی وەک پارێزگای بەسرە لە ڕابردوودا خۆپێشاندان دەکرێ و داوای حیکمەتی سەرۆک بارزانی دەکەن، ڕەنگە ئەمە بۆ دوو نەتەوەی جیاواز کەم نەبێت، تۆ لێرەوە خۆیندنەوە بکەی بۆ هەموو گۆرانکارییەکان و خۆیندنەوەت هەبێت بۆ کۆی ڕووداو و پێشهاتەکان ڕەوایی بکەی ئەوان لەوێوە بزانن کورد خاوەنی کێیە لە ئێستادا، مەزنی ئەو پیاوە ئەوەیە کە تەواو لەپێش پازدە ساڵ ئەم خوێندنەوەی بۆ بارۆدوخی ئێستای عێراق کرد کە ئەوکات دەیگوت ناکرێت دەستوور بەزۆر بسەپێنرێت لە عێراق، چونکە عێراق چەندین پێکهاتەی تێدایە، دەبێ دەستوور بەجۆرێک دابڕێژرێت دەنگدانەوەی تەواوی خواستەکانی پێکهاتەکانی عێراق بە کورد و سوننە و شیعە و کەمە نەتەوەکانی تر لەخۆ بگرێت، هەر بۆیە جەنابیان لەکۆتا لێدوانیدا باسی ئەوە بەبیر خۆسەپێنەرەکانی عێراق دەهێنێتەوە و پێیان دەڵێ پێم نەگوتن دەستور بەزۆر ناسەپێنرێ و خەڵک تا قۆناغێک لێتان قبوڵ دەکات، سەرەنجام بورکانی ڕقی خەڵکی غەرقتان دەکات و حیکمەتی ئەم کەڵە پیاوە ئەوەیە ئاموژگاری دەکات بۆ ئەوەی کە ماویشە لەبەین نەچێت، بۆیە لە دونیای ئێمەش وەک گۆڕەپانی ساحەی کوردی پێویستە هەموو لایەک سوود و عیبرەت وەرگرین حیکمەتەکانی ئەو پیاوە مەزنە، چونکە لەڕابردوو سەلێنرا زۆری نەمابوو کورد بگاتە خەونی سەدان ساڵەی خۆی، گەر گوێ لە حیکمەت و بیرتیژییەکانی ئەم پیاوە بگیرایە ئاوا نەدەبوو، بۆیە دەڵێم ئێستاش هەموو مەزنییەک لەم پیاوە بەدی دەکرێ، ئێمە لەگەڵ حیکمەتەکانی ئەم پیاوە لەکۆتاییدا هەر دەگەینە ئامانج، دوور لە حیکمەتی بەرێزیان، کارەسات و ماڵ وێرانی چاوەڕێی کورده.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1922:
یەکێتی کۆمارە سۆسیالیستیەکانی سۆڤیەت راگەیەنرا .



سالی 1961:
بە مەبەستی دانانی یەکەم دەستوور بۆ وڵات ، ئەنجومەنی دامەزرێنەر لە کوێت هەڵبژاردنی ئەنجام دا.



سالی 1972:
لە ماوەی شەڕی ڤێتنامدا ، ئەمەریکا بۆردومانکردنی باکوری ئەو وڵاتەی وەستاند .



سالی 1985:
دوای شەش ساڵ ، حافز ئەسەدی سەرۆکی پێشووی سوریا و حوسێن بن تەلالی پادشای ئوردن لە دیمەشق بەیەک گەیشتن



سالی 2006:
سەدام حوسێنی دکتاتۆری عیراق لە سێدارە درا .



سالی 2013:
لە شاری قۆلڤۆگرادی رووسی ، دوو تەقینەوەی خۆکوژیی بوونە هۆی کوژرانی زیاتر لە 30کەس .

لە گلۆبال ریسک ئینسایتەوە ...

میلیشیاکان و ئابووری سیاسی لە عیراق

ئا: ل.کاروباری نێودەوڵەتی

چەند مانگێکە ژمارەیەک شاری ناوەڕاست و باشووری عیراق (بە بەغدای پایتەختیشەوە) ڕووبەڕووی خۆپیشاندانێکی چڕ بوونەتەوە و تا ئێستا سەدان کەس لە خۆپیشاندەران کوژراون و چەند هەزار کەسێکی دیکەش بریندار بوون . لەو خۆپیشاندانانە خەڵک بە شێوەیەکی گشتی داوای کۆتاییهێنان و بنبڕکردنی گەندەڵی حکومی و دەستێوەردانی بیانی لە کاروباری سیاسی عیراق و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان دەکەن .



پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا

بەشێکی ئەو داواکاریانەی خۆپیشاندەران بەهۆی ئەو میلیشیا جۆراوجۆرانەیە کە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003 سەریان هەڵداوە ، دوای زیادبوونی هێرش و مەترسیەکانی داعشیش بۆ سەر عیراق ، گرنگی ئەو میلیشیایانە زیاتر بوو . بەرچاوترین ئەو گرووپە شیعە مەزهەبانەش کە لە سایەی هێزەکانی حەشدی شەعبیدا کار دەکەن ، لە پەیوەندیداندا لەگەڵ حکومەتی بەغدا پشت بە مەحسوبیەت دەبەستن بۆ پشتگیرکردنی چالاکیەکانیان ، ئەمەش بێگومان دەبێتە هۆی ئەوەی زۆربەی عیراقیەکان لە سامانی وڵاتەکەیان بێبەش بن . کەواتە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای عیراقی لەسەر ئەو بنەمایە وەستاوە کە بریتیە لەوەی نوخبە سیاسیەکانی بەغدا پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئەو گرووپە چەکدارانە بپارێزن کە لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگیریان لێ دەکرێ . هەر ئەمەشە وا دەکات خۆشگوزەرانی لە عیراق بوونی نەبێ .

دەسەڵاتە مافیاییەکان

لەنێو ئەو شێوازانەی کە هێزەکانی حەشدی شەعبی بە مەبەستی سەپاندنی دەسەڵات بەسەر عیراق گرتیانەبەر ، سەرپەرشتیکردنی ژمارەیەک تۆڕی ڕفاندن و سەپاندنی باج بوو . ئەم تۆڕانە لە کۆتایی ساڵی 2019دا ئەمەریکا بڕیاری لەسەر دان و ناوی سەرکردەکانیان ڕاگەیاند . ئەم تۆڕانە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئەندامانی هێزی تایبەتی بەدر پێکهاتبوون کە ئێستا بە ڕێکخراوێکی سیاسی دەناسرێت و لە ئێستادا چەند وەزارەتێکی لە ژێر دەستدایە . هەروەها ئەندامانی ئەم تۆڕانە لە ڕێکخراوی عەسائیب ئەهلی حەق و ڕێکخراوی کەتائیب حزبوڵا بوون کە هەردووکیان لە ئێستادا لە پۆستی بەڕێوەبەری گشتی هێزەکانی حەشدی شەعبیدا دانیشتوون .

بەرژەوەندیە ئابوورییەکان

ئەم تۆڕانە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرژەوەندیە ئابوورییەکانیان فراوان کردووە و ئێستا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشداری لە زۆربەی ئەو پڕۆژانەدا دەکەن کە لە عیراق جێبەجێ دەکرێن . ئەمەش وایکردووە کە ئەو تۆڕانە ببنە بەشێک لە ئەلیتی ئابووری عیراق و بەرژەوەندیەکی ڕاستەوخۆیان لە بەردەوامبوونی ئەو بارودۆخە ناسەقامگیرەدا هەبێت . ئەمەش وایکردووە کە ئەو تۆڕانە بەرگری لە بەردەوامبوونی ئەو بارودۆخە بکەن و ڕێگە بە هیچ هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە نەدەن کە عیراق تێیدا دەژی .

ئابووری سیاسی عیراق

کەواتە ئابووری سیاسی عیراق وا بونیاد نراوە کە بەرپرسانی دەوڵەت لە بەغدا سوود لەو هەڵسوکەوتە ئابووریە نایاساییانە ببینن کە لەلایەن میلیشیا چەکدارەکانی دەرەوەی دەسەڵاتەوە دەکرێن .بۆ نموونە ، ڕێکخراوی بەدری سەر بە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ، کە باڵی سەربازی هاوپەیمانی فەتح و خاوەنی میلیشیایانە لەلایەن پۆلیسی ئیتیحادی و میلیشیا عەشائیرە سوننەکانیش پشتگیریان لێدەکرێ ..سەپاندنی باج لەسەر ڕێگای نێوان شاری بەسرا و سنورەکانی ئوردن یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی داهات ، ئەمەش بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لەلایەن حکومەتی عیراقەوە پشتگیری لێدەکرێ . لەو بارەوە باس لەوە دەکرێ کە میلیشیای عەسائیب ڕۆژانە 300هەزار دۆلاری لەو باجانەوە دەست دەکەوێ کە لە خاڵەکانی پشکنینی پارێزگای دیالاوە وەردەگیرێ.

ئابووری سیاسی عیراق

کەواتە ئابووری سیاسی عیراق وا بونیاد نراوە کە بەرپرسانی دەوڵەت لە بەغدا سوود لەو هەڵسوکەوتە ئابووریە نایاساییانە ببینن کە لەلایەن میلیشیا چەکدارەکانی دەرەوەی دەسەڵاتەوە دەکرێن .بۆ نموونە ، ڕێکخراوی بەدری سەر بە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ، کە باڵی سەربازی هاوپەیمانی فەتح و خاوەنی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو و هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی ڕژێمی سەدام دامەزران بۆ خۆدزینەوە لەو سزایانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە بەسەریدا سەپێنرابوون . مەبەستی سەرەکیش دەستەبەرکردنی داهاتی دارایی بوو لە ڕێگەی بە نهێنی فرۆشتنی نەوتی خاو . دوای 10ساڵ لە هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عیراق ، ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی بەعس (ئەوانەی پێشتر نەوتیان بۆ ڕژێمی سەدام دەفرۆشت) چوونە ناو ڕێکخراوی داعش و هەمان ئەو شێوازە کۆنانەیان گرتەوە بەر ، تەنانەت باس لەوە دەکرا ئەوان ڕۆژانە یەک ملیۆن دۆلاریان دەست دەکەوت. لە سەرەتای ساڵی ؟ 2007 چەند ڕاپۆرتێک باسیان لەوە کرد کە ژمارەیەک میلیشیای شیعە کۆنترۆلی زۆربەی ڕێگە کۆنەکانی دزینی نەوتیان کردووە ، بەمەش بوونە خاوەنی ڕێگە نهێنیەکانی ئێران و سوریا و تورکیا .بە گوێرەی زانیاریەکان ، شاری بەسرا کە گەورەترین ناوچەی بەرهەمهێنەری عیراقە ، کەوتۆتە ژێر کۆنترۆلی ئەو گرووپە مافیاییانەی کۆنترۆلی جموجۆلی بازرگانی ناوچەکەیان کردووە. تەنانەت ئەو خاڵە پشکنینانەش قازانجی زۆریان پێ دەبڕێ کە لەسەر ئەو ڕێگایانە دامەزرێنراون . ئەو نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو و هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی ڕژێمی سەدام دامەزران بۆ خۆدزینەوە لەو سزایانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە بەسەریدا سەپێنرابوون . مەبەستی سەرەکیش دەستەبەرکردنی داهاتی دارایی بوو لە ڕێگەی بە نهێنی فرۆشتنی نەوتی خاو . دوای 10ساڵ لە هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عیراق ، ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی بەعس (ئەوانەی پێشتر نەوتیان بۆ ڕژێمی سەدام دەفرۆشت) چوونە ناو ڕێکخراوی داعش و هەمان ئەو شێوازە کۆنانەیان گرتەوە بەر ، تەنانەت باس لەوە دەکرا ئەوان ڕۆژانە یەک ملیۆن دۆلاریان دەست دەکەوت. لە سەرەتای ساڵی ؟ 2007 چەند ڕاپۆرتێک باسیان لەوە کرد کە ژمارەیەک میلیشیای شیعە کۆنترۆلی زۆربەی ڕێگە کۆنەکانی دزینی نەوتیان کردووە ، بەمەش بوونە خاوەنی ڕێگە نهێنیەکانی ئێران و سوریا و تورکیا .بە گوێرەی زانیاریەکان ، شاری بەسرا کە گەورەترین ناوچەی بەرهەمهێنەری عیراقە ، کەوتۆتە ژێر کۆنترۆلی ئەو گرووپە مافیاییانەی کۆنترۆلی جموجۆلی بازرگانی ناوچەکەیان کردووە. تەنانەت ئەو خاڵە پشکنینانەش قازانجی زۆریان پێ دەبڕێ کە لەسەر ئەو ڕێگایانە دامەزرێنراون . ئەو میلیشیایانە لەلایەن پۆلیسی ئیتیحادی و میلیشیا عەشائیرە سوننەکانیش پشتگیریان لێدەکرێ ..سەپاندنی باج لەسەر ڕێگای نێوان شاری بەسرا و سنورەکانی ئوردن یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی داهات ، ئەمەش بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لەلایەن حکومەتی عیراقەوە پشتگیری لێدەکرێ . لەو بارەوە باس لەوە دەکرا کە میلیشیای عەسائیب ڕۆژانە 300هەزار دۆلاری لەو باجانەوە دەست دەکەوێ کە لە خاڵەکانی پشکنینی پارێزگای دیالاوە وەردەگیرێ.

48کورسیە لە پەرلەمانی عیراق . لە ئەنجامی ئەمەدا میلیشیای حەشدی شەعبی 2.17ملیار دۆلاری لە بودجەی ئیتیحادی دەست دەکەوێ وەک موچە بۆ کارمەندانی (ئەمەش دوو ئەوەندەی ئەو پارەیە کە هێزەکانی پێشمەرگە وەریدەگرن). کەواتە لێرەدا دەردەکەوێ کە وێکچوونێک لەنێوان حزبوڵای لوبنانی و میلیشیا عیراقیەکاندا هەیە.

ڕۆڵی ئێران

وێڕای مۆرکی هەمەڕەنگی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ، بەڵام زۆربەی ئەو گرووپانە باوەڕیان بە بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامی هەیە ، بەڵکو ئەوان پەیوەندی پتەویان لەگەڵ فەیلەقی قودسی ئێرانی هەیە ، ئەو فەیلەقەی باڵی دەرەکی هێزی پاسدارانی ئێرانە و خاوەنی هێز و توانای زۆرە . پێشتر لە سەردەمی ڕژێمی حزبی بەعسیشدا ئەبو مەهدی موهەندیسی سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبیی و کەتائیبی حزبوڵا لەناو سوپای پاسداراندا کاری کردووە . ڕێکخراوی بەدریش کە لە ماوەی شەڕی نێوان عیراق و ئێراندا وەک ڕێکخراوێکی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران دامەزرێنراوە ، خاوەنی میژوویەکی دوورودرێژە لەگەڵ ئێران. هەروەها زۆربەی بڕچوونەکان بەو ئاراستەیەن کە گرووپ و لایەنە تازەکان پەیوەندی پتەوتریان لەگەڵ سوپای پاسدارانی ئێران هەیە .

لە مانگی نیساندا سەرۆک ترامپ سوپای پاسداران و فەیلەقی قودسی ئێرانی وەک دوو ڕێکخراوی تیرۆرستی وەسف کرد ، پێشتریش لە ساڵی 2009دا ئەمەریکا حزبوڵای عیراقی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆرستی ناساند. مایەی تێبینیە ، ئەمە کە بەشێکی هەڵمەتەکەی سەرۆک ترامپە لە دژی ئێران لەوانەیە زیان بە بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی ئەمەریکا بگەیەنێ لە عیراق . دەتوانێ مەبەست لە دوای سەپاندنی ئەم سزایانە هێنانەدی سەقامگیری ناوخۆیی و دوورخستنەوەی عیراقە لە دەستوەردانی بیانی، بەڵام ئەم سیاستە وایکرد کە بەرژەوەندیە بازرگانیەکانی حەشدی شەعبی زیاتر بە ئێران و سوپای پاسدارانەوە ببەسترێنەوە .

پوختە

سیستمی بونیادنراو لەسەر بنەمای مەحسوبیەت لە نێوان دەوڵەت و میلیشیا پەیوەستەکان بە دەرەوە ، کە لە بنەڕەتدا دەبێتە هۆی هاندانی ئابووریەکی پشت بەستوو بە قۆزتنەوە و تۆندوتیژی ، هەر ئەوەشە ئەو نارەزایانە دەجولێنێ کە ئێستا لە شەقامی عیراقیدا هەیە . هەر ئەمەش وا دەکات حەشدی شەعبی بەشدار بێ لە کپکردنی دەنگە نارازیەکان . کەواتە بەر لە جێبەجێکردنی داواکاری خۆپیشاندەران دەبێ ڕێگەچارەیەک بۆ پێکهاتەی دەسەڵاتی ئێستای عیراق بدۆزرێتەوە ، پێکهاتەیەک کە هانی میلیشیاکان دەدات دوور لە یاسا و دەسەڵات ئابووری وڵات بۆ خۆیان قۆرخ بکەن .

ڕووسیا توانا ئەتۆمییەکانی زیاد دەکات



سەرۆکی ڕووسیا ڤیلادمیر پوتین، ئاشکرایکرد هێزی چەکی ئەتۆمیی سوپای ڕووسیا زیاد دەکەن. ڤلادیمیر پوتین، لە کۆبوونەوەی سالانەی وەزارەتی بەرگریی وڵاتەکەی، ڕوونکردنەوەی دا سەبارەت بە توانای سەربازیی ڕووسیا. پوتین ئاماژەی بە بەردەوامیی کارەکانیان کرد بۆ بەهێزترکردنی هێزە سەربازییەکانیان، توانای بەرگریی وڵاتەکەی و تیشکی خستەسەر ئەوەی، ئەوان پشکی چەکی خاوەن توانای سێیانەی ئەتۆمییان زیادکردووە بۆ فڕۆکەکانی بۆردوومانی ستراتیژیی، ئەو مووشەکانەی لە وشکانییەوە و مووشەکی بالیستیی کە لە ژێردەریاکانەوە هەڵدەدرێن. گوتیشی: "ڕووسیا گەیشتە پشکی سەدا ٨٢ لە چەکی مۆدێرنی خاوەن سێیانەی ئەتۆمیی". ڤلادیمیر پوتین باسی لەوەکرد، مووشەکی هایپەرسۆنیکی کێشوەربڕی ""Avangardیان بۆ تواناکانی سوپاکەیان زیادکردووە، و ڕایگەیاند: "ئەم مووشەکە چەکێکە کە توانای بەزاندنی سستمی بەرگریی ئاسمانی هەیە لە ئێستا و ئایندەدا". – "بەردەوام دەبین لە بەهێزکردنی هێزی ئەتۆمییمان" پوتین، بەردەوامیی قەیرانەکانی ئەفغانستان و باکووری کۆریای و بیرهێنایەوە و ئاماژەی بە بەهێزکردنی ژێرخانی ئەو وڵاتانەی هاوسنووری ڕووسیان لەلایەن ناتۆوە کرد. سەرۆکی ڕووسیا ئاماژەی بەوەکرد ئەمریکا ڕێککەوتننامەی هێزە ئەتۆمییە مامناوەند مەوداکانی پێشێلکردووە و ڕایگەیاند: "ئێمە ئامادەین بۆ کارکردن لەسەر هەر ڕێککەوتنێکی نوێ لە بواری کۆنترۆلکردنی چەک، بەڵام ئێستا ئەو ماوەیە دەستپێبکەردووە. ئێمە بەردەوام دەبین لە بەهێزکردنی توانا ئەتۆمییەکانمان. ڕووسیا هێزی ستراتیژیی مووشەکی بە سستەمەکانی Avangardو یارس و کەشتیگەلەکانی بە مووشەکی جۆری Borey-Aو ژێردەریایی کەشتییەکانی بەهێزدەکات".

www.xebat.net
دووشەممە 2019/12/30 ژمارە (5901)

جیابوونەوەی دوای جیابوونەوە...

ئایا دوای Brexit سکۆتلەندا دەڵێ: Exit؟

تا : هەندرێن شێرزاد

دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە و سەرکەوتنی پارتی پارێزگاران بە سەرۆکایەتی بۆریس جۆنسۆن و وەدەستهێنانی **363** کورسی پەرلەمان لە کۆی **650**کورسی و دووبارە دەستبەکاربوونەوەی جۆنسۆن وەک سەرۆکوەزیرانی ئەم وڵاتە ، پێدەچێ بابەتی چوونەدەرەوەی بەریتانیاش لە یەکێتی ئەورووپا (بریتگزت) یەکلا بووبێتەوە. لێرەدا چەند پرسیارێک دێنە پێشەوە ، ئاخۆ هەموو خەڵکی ئەم وڵاتە لەگەڵ ئەو بابەتە دان یان را و بڕچوونی جیاواز هەن ؟ ئەوەی تا ئێستا بە روونی دیارە نارەزایی خەڵکی سکۆتلەندایە ، تەنانەت مەسەلەکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە سەرۆکوەزیرانی ئەو هەرێمە داوای ئەنجامدانی راپرسیەکی دیکە بکات بە مەبەستی دەنگدان بۆ جیابوونەوە لە بەریتانیا.

راپرسی دووەم

دوای ئەوەی لە دوایین هەڵبژاردنی سەرتاسەری بەریتانیاداپارتینیشتمانی سکۆتلەندی سەرکەوتنێکی بەرچاو وەدەست بێنێ (**47**کورسی لە کۆی **59** کورسی و نزیکەی نیوەی دەنگ) ، نیکۆلا ستۆرجنی وەزیری یەکەم (سەرۆکوەزیران) ی سکۆتلەندا رایگەیاند ئەوان پلانی نوێیان لەبەر دەستە سەبارەت بە ئەنجامدانی راپرسیەکی دیکە دەربارەی جیابوونەوە لە بەریتانیا. ستۆرجن لە میانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا وتی : مەسەلەی راپرسی شتێکە و کۆتایی هاتووە.دەبێ ئەوەش بزانین ئەگەرچی لە دوایین هەڵبژاردنی بەریتانیا پارتی پارێزگاران زۆرینەی دەنگی وەدەست هێنا ، بەڵام نیوەی کورسیەکانی لە سکۆتلەندا لەدەست دا. هەر دوای راگەیاندنی ئەنجامەکانیش ستێرجن وتی : ئەو نایەوێ حکومەتی پارتی پارێزگاران بە سەرۆکایەتی جۆنسۆن لە یەکێتی ئەورووپا دووریان بخاتەوە. ئەو وتیشی: کەواتە ئەگەر رێگەمان پێ نەدرێ پەنا بۆ ئەلتەرناتیڤێکی دیکە ببەین ، ئەو وەختە سەربەخۆیی دەبێ بە ئەلتەرناتیڤ.
هەر لەو رووەوە لایەنگرانی سەربەخۆیی باس لەوە دەکەن ئەگەر گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لە پەیوەندیەکانی نێوان سکۆتلەندا و بەریتانیا رووندەدات ، ئەوان پەنا بۆ ئەنجامدانی راپرسی دووەم نابەن ، لەولاشەوە نەتەوەخوازەکان دەڵێن چوونە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا ئەو گۆڕانکاریەیە و کاتی ئەنجامدانی راپرسی دووەمی سەربەخۆیی نزیک بۆتەوە.

بڕیگزت دژی خواستی ئێمەیە

لە مانگی ئەیلولی **2014**سکۆتلەندیەکان راپرسیەکیان دەربارەی جیابوونەوە لە بەریتانیا ئەنجام دا و تیایدا **55%**ی دەنگدەران بە (نەخێر) وەڵامی پرسیارەکەیان دایەوە ، دواتر لە ساڵی **2016**، واتە لە کاتی دەنگدانی بەریتانیەکان دەربارەی چوونەدەرەوە لە یەکێتی ئەورووپا ، سکۆتلەندیەکان بە رێژەی **62%**بە بڕیگزت رازی نەبوون ، بەڵام کۆی رێژەی دەنگدەران بە (بەڵێ) لە سەرتاسەری بەریتانیا **52%**بوو. ئەو کاتە پارتی نیشتمانی سکۆتلەندی ئەنجامی راپرسیەکەی بە گۆڕانکاری بەرچاوی باروودۆخەکان وەسف کرد و راشیگەیاند کە دوور نیە ئەمە ببێتە بیانوێک بۆ ئەنجامدانی راپرسی دووەم دەربارەی جیابوونەوە ، بەو پێیەی بڕیگزت دەبڕی خواستی ئەوان نیە. بڕیە لەو کاتەوە پارتی ناوبراو هێزی زیاتری بەخۆیەوە دیوە و لە دوایین هەڵبژاردنیشدا لە کۆی **59**کورسی **48**کورسی وەدەست هێنا.

دەربارەی سکۆتلەندا

ناو
جگە لەو ناوە ، سکۆتلەندا چەند ناوێکی دیکەشی هەیە ، لەوانە : ئیقۆسیا یان ئیسقۆسیا یان سقۆسیا ، هەروەها لە کۆنیشدا ناوی بە کالیدۆنیا هاتووە. وشەی سکۆتیش لە بنەڕەتدا لاتینیە و تایبەت بووە بە بەو گەلەی کە رۆمانەکان بە غالەکان ناویان بردوون و لە سەردەمی پێش مێژوودا لەو خاکانە نیشتەجێ بوون.
جوگرافیا
لەگەڵ سێ هەرێمی دیکە : ئینگلتەرا ، وێڵز ، ئێرلەندای باکور بەریتانیای گەورە پێکدێنن .
لە زیاتر لە **790**دوورگە پێکدێ .
لە باکور و رۆژئاوا ئۆقیانووسی ئەتلەسی و لە رۆژهەلات دەریای باکوور و لە باشوور ئینگلتەرا و لە باشووری رۆژئاوا کەناڵی باکور و دەریای ئێرلەندی هەن .
رووبەرەکەی **78.772**کیلۆمەتر دووجایە .
ژمارەی دانیشتوانی **5.116.900**کەسە .
پایتەختەکەی شاری ئەدنبرەیە .
رووباری توید و گردەکانی سکۆتلەندا شفیوت بوونەتە سنووری باشوور لەگەڵ ئینگلتەرا .

ئاین

بە گوێرەی ئامارەکانی ساڵی **2011**، نزیکەی **54%**ی دانیشتوانی سکۆتلەندا کرستیانن.
37%ی دانیشتوانی ئەم هەرێمە شوێنکەوتووی هیچ ئاینێک نین .
ساڵی **1560**کەنیسەی نەتەوەیی سکۆتلەندا بۆتە پرۆتستانتی .
12%ی دانیشتوان پرۆتستانت و **19%**یش کاسۆلیکن .
نزیکەی **75**هەزار موسوڵمان لەو هەرێمەدا دەژین .
چەند کەمینەیەکی دیکەی وەک جولەکە و بوزی و سیخییش لە شاری گلاسکۆ هەن.



ئایا سکۆتلەندا خاوەنی توانای پێویستە؟

پرسیار ئەوەیە : ئاخۆ سکۆتلەندا لە توانایدا هەیە هەرەشەکەی جێبەجێ بکات و راپرسی دووەم دەربارەی جیابوونەوە لە بەریتانیا ئەنجام بدات ؟ ماوەیەکی درێژە مشتومڕێکی یاسایی لە ئارادایە دەربارەی ئەوەی ئایا پەرلەمانی سکۆتلەندا لە توانایدا هەیە یاسای پێویست بۆ ئەنجامدانی راپرسیەکی لەم جۆرە تێپەڕ بکات ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەو بابەتە لە دادگا باسی لێوە نەکراوە. بە هەر حاڵ ، ستۆرجن چاوی لەوەیە حکومەتی شانشینی یەکگرتوو رازی بێ بەوەی ئەو دەسەڵاتە پێویستانەیان پێ ببەخشێ بۆ گرتنەبەری هەنگاوێکی لەم جۆرە. لە بەرامبەردا بۆریس جۆنسۆنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا هێشتا دژایەتی خۆی بۆ کارێکی لەو جۆرە پیشان دەدات و تەنانەت چەند بەرپرسێکی پایەبەرزی حکومی رایانگەیاندووە کە لانی کەم لە ماوەی **5**ساڵی داهاتوودا راپرسی لەم جۆرە لە سکۆتلەندا ئەنجام نادرێ.

ئەوان دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدەن؟

لە کۆتاییدا ستێرجنی وەزیری یەکەمی سکۆتلەندا ناخوازێ تەنیا راپرسیەک ئەنجام بدات ، بەڵکو مەبەستیەتی سەرکەوتن وەدەست بێنێ. ئەو راپرسیانەی تا ئێستا ئەنجام دراون ئامارژە بەوە دەکەن کە ژمارەی لایەنگرانی سەربەخۆیی سکۆتلەندا زیادی کردووە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ژمارەکە لە زۆرینە کەمترە. لە کاتی دووڕخستنەوەی ئەو چینەی کە هێشتا خۆیان یەکلا نەکردۆتەوە ،ئەو راپرسیانە دەریان خستوە کە **51%**ی خەڵک دژی جیابوونەوەن و **49%**یش پشتگیری لە جیابوونەوە دەکەن. لە بەرامبەریشدا پارتی نیشتمانی سکۆتلەندا دەخوازێ بۆ زیادکردنی ئەم رێژەیە ، خەڵک هەردووک بابەتی بڕیگزت و دژایەتیکردنی جۆنسۆن بۆ پرۆسەکە تێکەڵی یەک بکەن.

پارتە سەرەکیەکانی سکۆتلەندا

پارتی نیشتمانی سکۆتلەندی :
لەسەر باڵی چەپی میانڕەو حیسابە و داوای هێنانەدی دیموکراسی کۆمەڵایەتی و سەربەخۆیی سکۆتلەندا دەکات. لە پەرلەمانی سکۆتلەندا خاوەنی **69**کورسیە و لە پەرلەمانی بەریتانیاش **6**کورسی هەیە.
پارتی کرێکاران :
پارتێکی چەپی میانڕەوە ، سۆسیالیستیە ، لە پەرلەمانی سکۆتلەندا خاوەنی **37** کورسیە و لە پەرلەمانی بەریتانیاش **41**کورسی هەیە.
پارتی پارێزگاران و پارتی یەکێتیخوازی سکۆتلەندی :
دوو پارتی سکۆتلەندی راستڕەوی میانڕەوی پارێزگارن ، لە پەرلەمانی سکۆتلەندا **15**کورسیان هەیە و لە پەرلەمانی بەریتانیاش **1**کورسیان هەیە.
پارتی لیبرالیەخوازانی دیموکراتی :
پارتێکی میانڕەوی لیبرالْ و فیدرالیەخوازە ، لە پەرلەمانی سکۆتلەندا خاوەنی **5** کورسیە و لە پەرلەمانی بەریتانیاش **11**کورسی هەیە.
پارتی سەوز :
پارتێکی چەپ و ژینگەپارێزە و لایەنگری سەربەخۆیی سکۆتلەندااشە. لە پەرلەمانی سکۆتلەندا دوو کرسی و لە پەرلەمانی بەریتانیاش هیچ کورسی نیە.

زمان

لە سکۆتلەندا سێ زمانی فەرمی هەن ئەوانیش : ئینگلیزی و سکۆتلەندی و غیلین.
زۆربەی دانیشتوانی ئەم هەرێمە بە زمانی ئینگلیزی ژ سکۆتلەندی قسە دەکەن .
زۆربەی دانیشتوانی لادێکان بە زمانی سکۆتلەندی قسە دەکەن .
دانیشتوانی شوێنە بەرزەکان و دوورگەکانیش زیاتر زمانی غیلی بەکار دێنن .

ئابووری

لە بنەڕەتدا ئابووری سکۆتلەندا پشت بە پیشەسازی و بازرگانی دەبەستێ .
خاوەنی بڕێکی کەمی سامانی سروشتیە . لە دەریای باکوور چەند کێڵگەیەکی غازی سروشتی و نەوت و لە نزماییەکانی ناوەڕاستیش بڕێکی کەمی رەژووی بەردین هەیە .
لە ناوچە شاخاویەکان رووباری زۆر هەن کە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا پشتیان پێ دەبەسترێ .
نزیکەی **66%**ی کۆی دەستی کاری سکۆتلەندا لە بواری پیشەسازی خزمەتگوزاریی کار دەکەن .
یەک لەسەر پێنجی دەستی کار لە بواری پیشەسازیدا کار دەکات کە **20%**ی داهاتی ناوخۆیی پێکدێنێ .
گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە : مادە کیمیاویەکان و کەلوپەلی ئەلیکترۆنی و ئامێری پیشەسازی و قوماش و خواردنەوە کهولیەکان .
80%ی خاکی سکۆتلەندا بۆ کشتوکاڵ بەکار دەهێنرێ ، **20%**ی دیکەش دارستانە .

ئەگەر جۆنسۆن رازی نەبێ

ستێرجن پێی وایە دوور نیە جونسۆنی سەرۆکوەزیران و ژمارەیەک لە ئەندامانی پارتی پارێزگاران بۆ ماوەیەک تورە ببن ، بەڵام لە کۆتاییدا مل بۆ دیموکراسی کەچ دەکەن ، هەروەها هۆشداریش دەدات لەوەی کە ئەوان ناتوانن ئەندامێتی سکۆتلەندا لە یەکێتی ئەورووپا بوەستێنن ، چونکە دەمە پێچەوانەی ویستی میللەتە. کەواتە لە کۆتاییدا ئەگەر ئەم بیانوە سیاسیانە نەبنە مایەی گۆڕینی رای جۆنسۆن ، ئەو وەختە دوور نیە ستێرجن داوای یاسایی لە دژی جۆنسۆن تۆمار بکات ، ئەگەر ئەم رێگایەش نەگیرێتە بەر ، دەبێ سکۆتلەندیەکان رووبەڕووی مەترسی و ئەنجامە نێگەتیڤەکانی بڕیارەکەیان ببنەوە. لە راستیشدا سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە مسۆگەر نیە و لەوانەیە ماوەیەکی دوورودرێژ بخایەنێ. لەو نێوەندەشدا ستێرجن ئەوە بە دوور دەزانێ کە گەلی سکۆتلەندا پەنا ببەتە بەر ئەنجامدانی راپرسیەکی نایاسایی و رووداوەکانی هەرێمی کەتەلۆنیای ئسپانیای وەک نموونە هێناوەتەوە. پێدەچێ ئەو بە نیازی گرتنەبەری رێگەیەکی دیکە بێ کە بریتیە لە هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ لە هەڵبژاردنی ساڵی **2012**ی پەرلەمانی سکۆتلەندا ، دواتر بە مەبەستی زیادکردنی گوشار لەسەر حکومەتی بەریتانیا ، داوای ئەنجامدانی راپرسی دووەم بکات.

مەرجەکانی ئەندامێتی لە یەکێتی ئەورووپا

لە کاتێکدا ئەگەر سکۆتلەندا لە بەریتانیا جیابووەوە ، پێویستە هەموو ئەو قۆناغانە ببڕێت کە هەموو وڵاتان بۆ ئەندامێتی لە یەکێتی ئەورووپا پێیاندا تێپەڕبون ، ئەگەرچی ئەو دەبێتە خاوەنی سیفەتی ئەوەی کە پێشتر ئەندامی ئەو یەکێتیە بووە. لە راستیدا سکۆتلەندای سەربەخۆ ئەگەر بخوازێ ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا دەبێ چەند پێوەرێکی تیادا بەدی بکرێ ، لەوانە : دراوی بەکارهێنراو و ئاستەکانی کورتهێنان لە بودجەی دەوڵەت و سنوورەکانی وڵات. ئەگەرچیش ستێرجن پێشتر زۆر لەو بابەتانەی وروژاندوون و وتوویەتی : دەکرێ لە سەرەتادا سکۆتلەندا لە جیاتی یۆرۆ ،لەسەر بەکارهێنانی جونەیهی ئیستەرلینی بەردەوام بێ. وەزیری یەکەمیش دەخوازی ئەم پرۆسەیە بە زووترین کات جێبەجێ بکرێ ، بەڵام پێدەچێ خۆشی لە بابەتی دیارکردنی سنووریکی فەرمی لە نێوان سکۆتلەندا و بەریتانیا بپارێزێ.

چی دوای راپرسی؟

لە رووی کردەییەوە ، رۆژی دوای ئەنجامدانی راپرسی ، سکۆتلەندا نابێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ ، بەڵکو بابەتەکە پێویستی بە تێپەڕین بە قۆناغێکی ئینتیقالی هەیە. ساڵی **2014**لایەنگرانی سەربەخۆیی رایانگەیاند کە دامەزراندنی دەوڵەتی سکۆتلەندای سەربەخۆ پێویستی بە **18**مانگ هەیە. تا ئەو کاتەش بەریتانیا و سکۆتلەندا پێکەوە لە یەکێتی ئەورووپا دێنە دەر ، ئەو وەختە پێویست دەکات جارێکی دیکە سکۆتلەندا داوای ئەندامێتی لە یەکێتی ئەورووپا بکاتەوە.



لە رووی زانستییەوە خۆرگیران و مانگ گیران چ سوودێکیان هەیە؟

بە درێژایی مێژوو، دیاردە فەلەکییەکان بوونەتە مایەی گرنگیپێدانێکی تەواو لەلایەن خەڵکانی ئاسایی و پاشان پسپۆڕان و زانایانی ئەو بوارە، وە لەگەڵ پێشڤەچوونی بوارو تێکنۆلۆژیاکانی تایبەت بە روانگە لێکۆڵینەوەو روانگەکردنی فیزیایی ژ فەلەکیی، زاناریەکی یەگجار زۆروەدەستهاتن و نهێنییەکی زۆریش ئاشکرابوون، وە لەگەڵ ئەو دۆزینەوانەش، سوودو زیانەکانی ئەو دەستکەوتانە بۆ مرۆڤایەتی بە گشتی و پێشکەوتنی زانستیی بە تایبەتی دەرکەوتونەو زۆریش ماوە بزانرێت.

خۆرگیران و مانگ گیران دوو دیاردەی فەلەکیی زۆر کۆنن و لە قۆناغی مێژوودا ئامانژەیان بۆکراوە، کەچی تەنها بەم دوایانە هەندێ لە سوودەکانیان ئاشکرابوونە

لەوانە:

لەسەدی سێیەمی پێش میلاد دا، لە رێگەی مانگ گیراندا یۆنانییەکان سەلماندیان کەوا زەوی گۆییەو هەر لەو کاتەوەش، فەلەکناسی ئەو سەردەمە (ئاریستارخۆس) توانی تیرەی مانگ پێوانەبکات.

لە سەدەی یازدەهەم، فەلەکناسی موسوڵمان (ابو الریحان البیرونی) یەکەم کەسبوو کەوا لەمیانەی دیاردەکانی خۆرو مانگ گیراندا سەلماندی کەوا خۆر لە مانگ گەورەترەو زۆر دوورتریشە لە مانگ، وە بۆ ئەم مەبەستە هێلکاری دەستیی نووسی بۆ رونکردنەوەی ئەو دوو راستییە هەرە گرنگە. لە 28ی تەموزی 1851چەند فەلەکناسێک لە جیهان بەشداربوون لە روانگەکردنی خۆرگیرانێکی تەواو و ئەو کارەشیان لە سوید و نەرویج ئەنجامدا و بۆیان دەرکەوت کەوا ئەو خەرمانە ژ corona رووناکە مەزنەی کە پێشتریش بینرابوو، هیچ پەیوەندییەکی بە مانگەوە نییە بەڵکو تایبەتە بەخۆر.

خەرمانە یان کڕۆنا ی خۆر بریتییە لەناوچەیەکی جاکەرەوەی نێوان رووی خۆرو بۆشایی ئاسمانی دەوروبەری و لە گازی یەگجار زۆر گەرم لە دۆخی پلازما پێکهاتووە.

لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، زاناو پسپۆڕی فیزیاو فەلەکی ئەمریکی (شارلز ئۆگستۆس) و لەمیانەی خۆرگیرانێکی تەواودا توانی لێکۆڵینەوە لەسەر خودی ئەو خەرمانەیە بکات و بۆی دەرکەوت کەوا لەهەندێ ناوچەی ئەو خەرمانەیەدا پلەی گەرمیی دەگاتە 1ملیۆن پلەی سیلیزیی لە کاتێکدا پلەی گەرمیی رووی خۆر 6000 پلەی سیلیزیی

لە میانەی خۆرگیرانی تەواوی ئابی 1868کە لە باکووری ئاسیادا بینرا، فەلەکناسی فەرەنسی (گۆسن گاسن) لەنێو درێژە شەپۆلەکانی شەبەنگی وەرگیراوی خەرمانەی خۆردا بینی کە پێشتر نەبینرابوو، لە دواییدا دەرکەوت کە ئەمە شەبەنگی توخمێکی کیمیایی زۆر گرنگە و ناونرا (هیلیۆم) کە لە وشەی (هیلیۆس) واتە خۆرە بە زمانی یۆنانی و لە سالی 1895ئینجا هیلیۆم لەسەر زەویدا دۆزرایەوە.

لەمیانەی خۆرگیرانی تەواوی 1919.5.29دا، زانای فیزیای فەلەکی بەریتانی (ئارسەر ئیدنگتۆن) بیرۆدزی لاربوونەوەی تیشکی رووناکی لە بۆشایی ئاسمانی دەوروبەری تەنەکانی ئاسمانی خاوەن بارستایی مەزنی تایبەت بە بیردۆزی رێژەیی (ئالبێرت ئاینشتاین) بە بەڵگەی تەواو سەلماندی دوا لاربوونەوەی رووناکی ئەسێرەکانی دەوروبەری دیسکی خۆر لە کاتی گیرانیدا.

لە رێگەی خۆرگیراندا پسپۆڕان دەتوانن زۆر بە وردی شکڵی مانگ دەستنیشان بکەن و بزانن ئاخۆ گۆڕاوە یان نا لە رێگەی بەراورد کردن لەگەڵ وێنەو داتای خۆرگیرانەکانی پێشووتردا.

لە رێگەی خۆرگیراندا پسپۆڕان دەتوانن زۆر بە وردی پێوانەی تیرەی خۆر بکەن و هەر گۆڕانکارییەک کە بەسەریدا هاتبێت بە درێژایی مێژوودا.

تەنها خۆرگیرانی تەواو رێگە دەداتە پسپۆڕانی فەلەکناسی تا یەگجار زۆر بە وردی روانگەی ناوچەی (خەرمانە ژ کڕۆنا) ی خۆر بکەن چونکە لە هیچ حاڵەتێکی دیکەدا نابینرێت.

خۆرگیران باشترین و شیاوترین بارودۆخ دەستەبەر دەکات بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر دەربارەی چینە هەرە بەرزەکانی بەرگە هەوای زەویدا

راستە گەلەستێرە یەکێکی دیکە دەخوات!؟

لە لێکۆڵینەوەکی تایبەت بە جیهانی گەلەستێرەکاندا هاتووە کەوا گەلەستێرە هەرە مەزنەکان لەسەر حیسابی گەلەستێرە بچوکەکانەوە دروستبوونە، وە پێدەچێت رێی کاکێشانیش لەدوای دروستبوونی پەیکەرە سەرەکییەکەی و فراوانبوونی هێزی کێشکدرنی، دەستیکردبێت بە قووتدانی چەند گەلەستێرەیەکی بچووکتری دەوروبەری خۆی. ئا ئێستاش ئێمە لەبەردەم یەکێ لەو رووداوانەین کە لە دەووریی 50ملیۆن ساڵی رووناکی و بە ئاراستەی کۆستێرەی (ئیرادنۆس) واتە (رووبار) دا. گەلەستێرەی گەورەی NGC1532بە تیرەی 100000ساڵی رووناکی ژ واتە وەکو تیرەی گەلەستێرەی خۆمان – کەوتۆتە نێو ململانێیەکی سەخت لەگەڵ گەلەستێرەیەکی لەخۆی زۆر بچووکتر کە راستەوخۆ کەتۆتە سەرەووی خۆی و ناسراوە بە NGC1531و ئێستا بە (جووتە گەلەستێرەی NGC 1531, 1532)ناسراون، بەڵام حاڵ هەر ئاوا نابێت، چونکە ئەورۆ بێت یان بەیانی، گەلەستێرە گەورەکە، بچووکەکە بە تەواوی ئاوێتەی خۆی دەکات.



ئایا دەزانی لەو ناوچانەدا هەموو رۆژ باران دەبارێت!



هەڵبەتە رێژەو ئاستی بارانبارین لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکەی جیهان وەک یەک نییەو لە گۆڕانی بەردەوامدایە، هەندێ شوێن رێژەی بارانبارین تیایاندا یەگجار کەمەو هەندێکیش زۆرو هەندێکیش مامناوەندییەو زۆر جاری واش هەیە لە رێژەی ئاسایی خۆی دەردەچێ، بەڵام لەسەر ئاستی جیهاندا (6)ناوچە هەن کە رۆژانەو بەردەوام بارانیان لێ دەبارێت، ئەوانیش بریتین لە:

- 1دورگەی (بۆرنیۆ) لە (مالیزیا): لەبەر ئەوەی لە هێڵی یەکسانی نزیکە، ئەوا رێژەی بارینی سالانەی دارستانە شێدارەکانی نێوی دەگاتە سنووری 5000 ملیمەتر.

- 2ناوچەی (میلفۆرد ژ Milford Track)لە (نیوزیلاند): یەکێکە لە ناوچە پڕبارانترینەکانی جیهان و رێژەی بارین تیایدا دەگاتە نێوان 6000تا 8000 ملیمەتر لە ساڵێکدا.


- 3دورگەی (یاکۆشیما) لە (ژاپۆن): بەهۆی بارانبارینی بەردەوام لەسەر ئەو ناوچەیەدا، بە رووپۆشێکی زۆر چڕوپڕی روەک و دارو درەخت داپۆشراوەو رێژەی بارینی سالانە تیایدا لەنێوان 4000تا 10000ملیمەتر دەبێت.

- 4زنجیرە چیاکانی (دورگەی هاوای): بارستە شاخە مەزنەکانی هاوای دەبێتە بەربەستێکی سروشتی بەرامبەر هەورە هاتووەکانی سەر (زەریای هێمن)، جا لەبەر بەرزیی رادەی شێ تیایاندا، ئەوا بارودۆخی بارانبارین تیایاندا یەگجار زۆر لەبار دەبێت و هەر ئەوەش بۆتە هۆی دروستبوونی تاقگەی بەردەوامی ئاوی باران بەشێوەیەک و رێژەی بارانبارین هەندێجار دەگاتە سنووری 11200ملیمەتر لە ساڵێکدا.

- 5ناوچەی (شیرابۆنجی – Cherrapunjee)لە (هیند): زۆرجار رێژەی بارانبارین تیایدا سنووری 11400ملیمەتر لە ساڵێکدا رەت دەدات.


- 6ناوچەی (شوکو) لە رۆژهەلاتی (کۆلۆمبیا): دەکەوێتە سەر زەریای (هێمن) و بارانبارین تیایدا تا رێژەی 13000ملیمەتر لە ساڵێکدا تۆمارکراوەو بۆتە یەکێ لە بەهێزترین ئەو ناوچە کاندید کراوانەی سەر هەسارەی زەوی تا بێبێتە بەرزترین ناوچە لە ئاستی هەر هەموو جیهاندا کە بریتییە لە پانتاییەکی فراوانی دارستانی شێداری زۆر چڕوپڕو گەنجینەیەکی کەمویێنەی ژیان و چالاکیی بایۆلۆژیی.

ژمارەی ئەستێرەکانی گەردوون سێ جار ئەوەندەی پێشبینی کراوە



تازەترین لێکۆڵینەوەی فەلەکی ئاشکرای کردووە کەوا ژمارەی خەملێنراوی ئەستێرەکانی نێو گەردوون سێ جار ئەوەندە زیاترە لەوەی کە پێشتر پێشبینی بۆ دەکرا، چونکە دەرکەوتووە رێژەی ئەستێرە کزو تاریکە دیار و نادیارەکان گەلێ زیاترن لە ڕووناک و گەش ودیارەکان. ئەم دەرئەنجامەش هاتە دەست کاتێ تیمێک لە فەلەکناسە ئەمریکییەکان سەرقاڵی ڕووماڵکردن وگەڕانیان بوون بە دوای ئەستێرە ناسراوەکان بە (گرگن ژیان ژ ئەستێرە سووڕە بچووکەکان) دا دەگەڕان، ئەم ئەستێرانەش لە ڕووی قەبارەدا دیارە بچووکن و بارستاکانیان ناگاتە نێوان 10%تا 20 بارستایی خۆر. لەلایەکی دیکەوەش هێندە کزو تاریکن و ڕووناکییەکانیان هێندە لاوازە کە وایکردووە زۆر بە سەختی بکەونە نێو تەلەسکۆپ و کامێراکان، ئەم کارەش لەنێو گەلەستێرەی خۆمان (ڕێی کاکێشان) کارێکی ئاڵۆزە، بەڵام گەڕان بەدەاوی ئەم ئەستێرانە و لە گەلەستێرەکانی دیکە هەر یەگجار زۆر سەختترە! گرفتەکە لێرەدا بوونی بڕێکی یەگجار زۆرو نادیاری ئەو جۆرە ئەستێرانەیە کە ئەمەش وایکردووە فەلەکناسان پێشبینی بکەن کەوا ژمارەی ئەستێرەکانی گەردوون بەلایەنی کەم 3جار ئەوەندەی بڕی پێشبینیکراوی پێشووتر بێت.

لە مانگەوە وزەی کارەبا بۆ زەوی وەدەستدەهێنرێت



(جاستن لویس وییەر) ی قوتابی لە ویلایەتی (کالیفۆرنیا) رێگەیەکی تازەی دۆزیوەتەوە بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، ئەویش بە دانانی چەندین پارچەی تەختەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبایی گەورەو فراوانی تیشکی خۆرو پاشان کۆکردنەوەو ئینجا ئاراستەکردنی بۆ هەر وێستگەیەکی وەرگرتن و دابەشکردن لەسەر ڕووی زەویدا، ئەمەش بە تێچوونێکی کەم و ئاستێکی یەگجار زۆری بەرهەمهێنانی وزەی کارەبایی لەسەرچاوەی پاک و بێ زیاندا. بەشێک لە پسپۆڕان ئەو بیرۆکەیەیان بە یەکێ لە چارەسەرییەکانی دواڕۆژ دەزانن بۆ ڕووبەڕووبەوەی گرفتی کەمبوونەوەی سووتەمەنی ئاسایی و بەدەوربیەوە کەمبوونەوەی ئاست و رێژەی بەرهەمهێنانی وزەی پێویستی کارەبا لەسەر ئاستی جیهانیدا.



مۆرینهۆ: یاری دوای یاری هەڵەی بەرگری دووبارە دەکەینەوە

دوای بەرامبەر بوونیان لەگەڵ یانەی نۆریچ سیتی، مۆرینهۆی راهێنەری یانەی تۆتینهام نیگەرانی خۆی بەیەرامبەر دووبارە کردنەوەی هەڵەکانی بەرگری نیشاندا و رایگەیاند کە یاریزانەکانی یاری دوای یاری ئەو هەڵانە دووبارە دەکەنەوە.
هەروەها مۆرینهۆ گوتی: لە گێمی یەکەم هەڵەکرا، لەگێمی دووەمیش هەمان هەڵە دووبارە کرایەوە، لە یاری پێشووتریش بەهەمان شێوە و هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان هەڵەکانی یاری پێشووتر و ئەو یارییە رووی نەدا، زۆر هەوڵدا ئەو هەڵانە دووبارە نەکەنەوە، پێویستە زوو ئەو کێشەیەی بەرگری چارەسەربکەم، چونکە یاریزانەکان لەو هێڵە هەڵەی گەورە دەکەن.



کلۆپ لە دۆڵێک و تەواوی پریمەرلیگیش لەدۆڵێکی تر

تا رادەییەک دەتوانین بڵێین یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی نازناوی پریمەرلیگی ئەم وەرزەی مسۆگەر کردووە، کە ئەمە یەکەمین جارە دوای 30ساڵ، ئەویش بەهۆی ئەو جیاوازییە گەورەیەی لەنێوان ئەو و تەواوی یانەکانی دیکەدا هەیە.
ئەگەر بە ژمارە بیسەڵێنین دەردەکەوێت:
لیڤەرپوول بەجیاوازی 10خاڵ لە لیستەر سیتی دووەم
لیڤەرپوول بەجیاوازی 14خاڵ لە مانچستەر یونایتد دووەم
لیڤەرپوول بەجیاوازی 24خاڵ لە مان یونایتد دووەم
لیڤەرپوول بەجیاوازی 27خاڵ لە ئیڤەرتون دووەم



کارلی مەککۆرد لەنێو قوربانیانی فرۆکەی لویزیانا



لەنێو 5کۆژراوەکەی تیکشکانی فرۆکە بچوکەکەی ویلایەتی لویزیانای ئەمریکی، کارلی مەککۆردی رۆژنامەنووس و بێژەرە بەناوبانگەکەی وەرزش بوو کە لەتەمەنی 30ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.
ستیڤن ئینسمینجەری هاوسەری رۆژنامە کۆچ کردووەکە دەڵێت: هاوسەرەکەم لەناو ئەو فرۆکەیە بوو، بەداخەوە بە کارەساتیکی دڵتەزێن کۆچی دوایی کرد، هاوسەرەکەم لەگەڵ تۆڕی کۆکس سپۆرت و ESBN ئەمریکی کاری دەکرد، ئەو لەرێگادا بوو بۆ ئامادەبوونی یارییەکی نێوان زانکۆی لویزانا و ئۆکلاهۆما.
جێی باسە ئەو فرۆکەیە لەکاتی هەستانی لە پارکێکی ئوتۆمبێل لە فرۆکەخانەی لویزیانا تێکدەشکێت و لە ئاکامدا 5کەس گیان لەدەست دەدەن و لەنێویاندا ئەو رۆژنامەنووسە بەناوبانگەیە.

هاوکار کەلهۆری

پانۆڕامای خولی تۆپی سەرمێزی کوردستان



دهۆک: زاگرۆس نانەکەلی

لە شاری دهۆکی ناو چیا بووین، لەوێ لە هۆڵی یانەی دهۆک خولی تۆپی سەرمێزی یانە نایابەکانی کوردستان بەڕێوەدەچوو، یەکێتی تۆپی سەرمێزی کوردستان هەموانی کۆکردبووەوە.
ئەنجامی کۆتایی خولەکە بەمشێوەیە بوو:
یانەی پێشمەرگەری سلێمانی یەکەم
یانەی برایەتی دووەم
یانەی سلێمانی سێیەم

هەردوو یانەی کفری و سۆڵاف بۆ پلە یەک دابەزین.

یانەی کفری سەرەڕای بڕینی ئەم ڕێگا دوورە بەو کەش وهەوا بارانیە، بەڵام کۆڵیان نەدا ڕووبەڕوی هەموو یانەکان بوونەوە بە دەست وبازووی خۆیان، ئەمەش دەستکەوتێکی وەرزشی کوردی و ئینجا شاری کفری ئازیزە، هەروەها یانەی سۆلاڤی کەرکووکی خۆشەویست، ئەوانیش یاریزانەکانیان وراهێنەرەکەشیان دەجەنگان بۆ دوورکەوتنەوە لە دابەزین بۆ پلە یەک، بەڵام نەبوونی یاریزانی بە ئەزموون ونەبوونی پارە بۆ کڕینی یاریزانی پیشەگەر هۆکارێک بوون بۆ ئەم دوو یانەیە، ئەگەرنا یانەکان لەڕووی یاریزانەوە زۆر لێک نزیک بوون.
باوک و کوڕ ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە!
دەکرێ بڵێم بۆیەکەم جار لە مێژووی وەرزشی کوردی لەڕێکەوتی 6/12/2019لە خولێکی فەرمی وەکو خولی تۆپی سەرمێزی یانە نایابەکانی کوردستان لەگەڵ یاریزانی باوک و یاریزانی یانەی هەڵەبجە بۆ یەکەم جار کاتێک یاریزانی یانەی برایەتی کارزانی باوک و کەس ئاگادارنەبوو، دەزگاکانی ئەشکانی کوڕ ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە،ل ە هۆڵەکە راگەیاندن ومیدیاکارانی وەرزشی بوونیان نەبوو، ئەنجامەکە لای من گرینگ نەبوو، ئەوەی هەموو خولەکەی دەهێنا و دەبوایە بکرێت بە مێژوو ئەم ڕووبەڕووبونەوە جوانەی باوک و کوڕ بوو.

سۆلاڤ تانەمان نییە

یانەی سۆلاڤ سەبارەت بەیاری نێوان دهۆک و کۆیە گوتیان تانەمان نییە تا بەڵگەی راست ودروستمان لابێت، تا بزانین یاری بە ئەنجامەکەی کراوە.

برایەتی پیشەگەری میسری وئەوانی تر ئیرانی

تاکە یانە لە خولەکە یانەی وەرزشی برایەتی بوو، کە پیشەگەرێکی میسری بەناوی (محەمەد بیلی) هێنابوو و توانی زیاتر لە (13) یاری بباتەوە و بەبێ دۆڕان یاریەکان ئەنجام بدات، بەڵام زۆربەی یانەکانی تر پیشەگەری ئیرانیان هێنابوو، محەمەد بیلی تاکە یاریزانی پیشەگەری خولەکە بوو هیچ یاریەکی نەدۆڕاند.

بەتەمەنترین داوەر رێزی لێندرا

ئازاد محەمەد فەرەج داوەری نێودەوڵەتی تۆپی سەرمێزە، وەک بە تەمەنترین داوەر لە خولەکانی کوردستان رێزلێنانێکی بۆ کرا.

بەتەمەنترین راهێنەر رێزلێنانێکی شایستەی بۆ کرا

رێکەوت رەئوف راهێنەری یانەی پێشمەرگەی سلێمانی کە بووە پاڵەوانی خولی تۆپی سەرمێزی نایابی کوردستان و لە کۆی ڕووبەڕووبونەوەی یانزە یانە، توانی سەرجەم یاریەکان بباتەوە، رێکەوتی راهێنەر جگە لەوەی یەکەمی خولەکە بوون، توانی رێزلێنانی بەتەمەنترین راهێنەریش وەربگرێت، بەڵام وەکو ئەکتەرەکانی جیهانی نەیویست تەمەنی ئاشکرا بکات وبێگومان هۆکارەکەش نەزاندرابوو.

ساهیرە تاکە داوەری خانمی خۆیەخش بوو لە خولەکە

ساهیرە محەمەد سالح تاکە داوەری تۆپی سەرمێزی خۆیەخش بوو بەشداری خولی تۆپی سەرمێزی یانەکانی کوردستانی کرد،ئافەرین خاتوون.

بە تەمەنترین یاریزان رێزی لێگیرا

هاشم رەسوڵ وەک بەتەمەنترین یاریزانی خولەکە رێزێکی تایبەتی بۆ ئەنجامدرا، هاشم چەندین ساڵە یاریزانێکی بە ئەزموون و بەتوانای خولەکانی تۆپی سەرمێزی کوردستانە، هاشم دەنگۆیەکی گوێ بیست ببوو کە گوایە بۆ ساڵی ئایندە نابێت یاریزان تەمەنی لە (50) زیاتر بێت و یاری بکات، بۆیە لە سەرچاوەیەکی نزیک باسی کرد و کە یاریزان هاشم گوتبووی:ئەم بڕیارە رابگرن دوای دەمرم.

لای من ئاشتی و دهۆک یەکەم بوون

یانەکانی (ئاشتی و دهۆک) ، زۆربەی زۆری یاریزانەکانیان لاوبوون، زۆر ئەکتیڤ و ئازا و چەلەنگ و خوێن گەرم بوون، هەموویان گوێڕایەڵی راهێنەربوون، ئەوانم زۆر بە نموونە دەبینی، دڵم پێیان خۆشبوو، کە لە وڵاتەکەم ئێستا یاریزانی تۆپی سەرمێزمان ماوە و حەزلەم وەرزشەدەکەن، بۆیە دەکرێ بڵێین ئومێدێک هەیە ئەم دوو یانە ئازیزە لە یاریزانی تۆپی سەرمێزی بێبەشمان نەکەن، بێگومان جێگای دەست خۆشین بۆ یانەکەیان و راهێنەرەکایان.

یاریزانە پیشەگەرە کوردەکان گلەییان هەبوو

لە خولەکە یەک دوو یاریزانم دواند و قسەیان بۆ کردم، لێم پرسین بۆچی یاری ناکەن لە ریزی یانەیەک لە یانەکانی کوردستان؟ هەردووکیان ولامیان دایەوە وگووتیان: بۆ ئێمە نابێت قەدەغەیە، منیش گووتم بۆچی؟ گووتیان نابێت یاریزانی کورد لە خولی عێراقی و کوردستانی یاری بکات وکەچی لە تۆپی پێ بوونی هەیە.
ڕۆڵی میدیاکارانی وەرزشی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە خولەکە
خولی تۆپی سەرمێزی یانەنایابەکانی کوردستان، لەتێکڕای سێ ڕۆژی بەردەوامی ئەم خولە، لەوانەیە لەنێوان (4تا 5) دەزگای ڕاگەیاندن بوونی هەبوو، بەڕاورد بە تێکڕای دەزگا ڕاگەیاندنەکانی کوردی بکەین ولەگەڵ میدیاکارانی وەرزشی نەیدەکرد %01یش.
سەرۆک وجێگر و لێدوان و خەڵاتی کۆتایی
مەهدی هەمزانی سەرۆک و شێخ قەلەندەر جێگری سەرۆکی یەکێتی تۆپی سەرمێزی کوردستان باسیان لە سەرکەوتنی خولەکە کرد، سەرەڕای کەمی بودجە ونەبوونی هۆڵی شیاو و کاری خێرا بۆ ئەنجامدانی خول، ئەوان پێیان وابوو هیچ شتێک سەداسەد نییە ،کەموکوڕی دەبێت، بەڵام نابێت فەرامۆشکردن بوونی هەبێت، هەروەها پێیان ڕاست بوو کە دوای خولی تۆپی پێ، تۆپی سەرمێز لە کوردستان ژمارە دووە، بۆیە داوادەکەن گرینگی زیاتر بەم یاریە بدرێت.

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon.30. Dec. 2019 No: (5901)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر





(فۆتۆکان: فارس سەعدی)

شاری هەولێر..

ئامادەکارییەکانی سەری ساڵی نوێ

بەبۆنەی هاتنی سەری ساڵی نوێی زایینی، شەقامەکانی شاری هەولێر رازێندراونەتەوە، بە تایبەتی قەڵای مێژوویی هەولێر و دەوروبەری بووەتە جێگەی سەرنجی هاوواڵاتیان، و بۆ گرتنی وێنە و بەسەربردنی دوایین ڕۆژەکانی ساڵی 2019و پێشوازیی لە ساڵی 2020روو لەو شوێنانە دەکەن.










هۆکارو چارەسەرەکانی لەبیرچوونەوە

وەک پیناسە دەتوانین بڵین کەوا کەوا لەبیر چوونەوە لاواز بوونی توانای مێشکە بۆ تۆمارکردن و بەدی هێنانەوەی یادەوەرییەکان, "لەبیر چونەوە دەکرێت نەخۆشی بێت یان هەندێک کات نیشانەی نەخۆشییەوە. لەبیرچوونەوە زۆرکات بێ هۆکارە، یاخود هەندێک کات بەهۆی بەرکەوتنێکەوە، ماندوبوونێکی زۆر، شۆک، یان جەڵتەی مێشکەوە دەبێت، و هەندێک جار نەخۆشییەوە وەک زەهایمەر. "لەبیرچوونەوەی کاتی ماوەکەی کەمە و ئەگەری هەیە کە دووبارە ڕوونەداتەوە، بەڵام نەخۆشی لەبیرچوونەوە وەک زەهایمەر جۆرە قورسەکەیە و ورده ورده پەرە دەستێنێت و توشبوو هەست کردنی بە شتەکان و پێویستییەکانی ژیانی کەمدەبێتەوە و نامێنێت و ژیری کەمدەبێتەوە، ئەم حاڵەتانە زۆربەی کات لە سەرو تەمەنی پەنجا ساڵییەوە ڕوودەدات . سەبارەت بە خۆپاراستن " جەستەی مرۆڤ تەندروستبێت و دووربێت لە نەخۆشی، و خواردنی خۆراکی تەندروست، ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی بە ڕێگاکانی پاراستن دادەنرێت.



هونەرمەندی گۆرانییێژ ئارش عوسمان نوێترین ڤیدیۆ کلیپی بە ناوی دایە بڵاوکردەوە

هەمزە سەرحان: ئارش ڤیدیۆ کلیپی دایەی بڵاوکردەوە، لە تێکستی ئارش و فەرەمەرزە، لە میوزیک ئەرێنجمینت و میلۆدی ئارشە، کاری میکس و ماستەرینگی لەلایەن ڤینۆ ستۆدیۆ بۆ ئەنجامدراوە، کاری دەرهێنانی لەلایەن حەمەی شەم بۆ ئەنجامدراوە.ئارش عوسمان لەدایکبوی ساڵی 1991، دەرچوی پەیمانگای هونەرەجوانەکانە، لە 2010دەوە سەرقاڵی کاری هونەریە، خاوەنی چەند گۆرانی و ڤیدیۆ کلیپە.



کەشتی STARLINER نەیتوانی بگاتە وێستگە ئاسمانیی نێودەوڵەتیی

ئاژانسی ناسا رایگەیاند کەوا کەشتی ئاسمانی بێ سەرنشینیی ناسراو بە (STARLINER) کە لە دوایدا گۆڕا بۆ (Calypso) و لەلایەن کۆمپانیای (بۆوینگ) دەوە دیزاین و دروستکراوە، نەیتوانی ئامانجی خۆی بپێکێنێ و بگاتە (وێستگەی ئاسمانیی نێودەوڵەتیی ئەلفا). لە ڕاگەیاندراوێکی (ناسا) دا دردەکەوێ کەوا گرفتێکی تەکنیکی دووچاری (سیستەمی کاتدانانەوەی نێوەخۆیی) دوای ماوەیەکی کەم لە هەڵدانی کەشتی (ستارلاینەر) لە ڕێگەی مووشەکی (Atlas V)? بۆیە نشوستی هێنا لە گەیشتن و ئەنجامدانی کرداری پێکەوەلکان.

کەشتی ناوبراو لە ڕۆژی هەینی ڕابردوو 20کانوونی یەکەم هەڵدرایە بۆشایی ئاسمان و دوای 15خولەک ئەو کەشتییە لە مووشەکەکە جیابۆوە بە مەبەستی وەرگرتنی ڕێڕەوی خۆی بەرەو وێستگەی نێودەوڵەتی و تاقیکردنەوەی سەرجەم بەش و ئامێرو سیستەمە ئەلیکترۆنییەکانی، کەچی بەهۆی ئەو گرفتەوە نشوستی هێنا ، بەڵام دوای مانەوەی بۆ ماوەی دوو ڕۆژو لە 22ی کانوونی یەکەم توانی بەسەرکەوتوویی لەناوچەی (White Sands) لە ویلایەتی (نیومەکسیکۆ) دا بنیشێتەوە.

جێگای ئاماژەیە کەوا کۆمپانیای ناوداری (بۆوینگ) وەک کێبڕکێیەک لەگەڵ کۆمپانیای (Space X) ی ئەمریکی و (سۆیۆز) ی ڕووسیی ئەم کەشتییەی دروستکردووە وەک یەکەیەکی گواستنەوەی کەشتیوانان لە زەویەوە بۆ وێستگەی ئاسمانی نێودەوڵەتیی.

ئاژانس چەتۆ حەسەن